# کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی و بواری ئەدەبی بەراوردکاری (ویژەی هاودەق) لە ئێراندا*

حەیدەر خزری

ماموستا لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی مۆدێرن، زانکۆی سێنترال فلۆریدا، ئەمریکا

و: هەیبەت محەممەدی

"ئەدەبیاتی بەراوردکاری" بوارێکی زانستییە کە لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە ئەدەب و دەربڕینی کولتووری لە سنووری زمانەوانی، نەتەوەیی و جوگرافیی تایبەتمەنددا ئەنجام دەدات. ئەدەبیاتی بەراوردکاری ڕۆڵێکی هاوشێوە لەنێوان لێکۆڵینەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگێڕێت، بەڵام لەگەڵ زمان و نەریتە هونەرییەکان بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی کولتوورەکان کار دەکات. زۆرجار ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ بەرهەمەکان بە زمانی جیاواز ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەتوانرێت لەسەر بەرهەمەکانی هەمان زمانیش ئەنجام بدرێت، ئەگەر بەرهەمەکان لە نەتەوە یان کولتووری جیاواز کە بە یەک زمان قسە دەکەن، سەرچاوەیان گرتبێت. بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری کە بەزۆری نێوان کولتووری و نێودەوڵەتییە، بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی نێوان ئەدەبەوە بە مانایەکی فراوان و بوارەکانی دیکەی چالاکییەکانی مرۆڤ، لەوانە مێژوو، سیاسەت، فەلسەفە، هونەر و زانست. ئەدەبیاتی بەراوردکاری بە پێچەوانەی شێوازەکانی‌تری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە چوارچێوەی ئابووری، داینامیکی سیاسی، بزووتنەوە کولتوورییەکان، گۆڕانکارییە مێژووییەکان، جیاوازییە ئایینییەکان، ژینگەی شارستانییەت، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە گشتی و زانستەکان" جەخت لەسەر شیکاریی نێوان زانستەکان دەکاتەوە.

## پوختە

ئەم وتارە لە مێژوو، پێگەی هەنووکەیی و داهاتووی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران دەکۆڵێتەوە. ئەم وتارە بنەما تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی هاوچەرخ لەگەڵ چەمکی "هەڵسەنگاندن" لە قۆناخەکانی پێش مۆدێرن لە کولتووری فارسی-ئیسلامیدا بەراورد دەکات کە لە قوتابخانەی عەرەبی، ئیسلامی و ئێرانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا پێناسە کراوە. ئەم وتارە هەروەها تەرکیزی قووڵی دامەزراوەیی لە زانکۆکانی ئێران وەک ناوەندگەرایی کولتووری شیعە-فارسی نیشان دەدات و دەری دەخات کە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک ئامرازێک بۆ بە ترانسنەشنالیزەکردنی ئەم ناوەندگەراییە شیعە-فارسییە لە چوارچێوەی زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا سەری هەڵداوە وەک "جیهانی فارسی زمان" دەرکەوتووە. لە ڕوانگەی پۆلێنکردنی شێڵدۆن پاڵووکەوە، "جیهانی فارسی زمان" چەمکی مارشاڵ هاجسنە کە لە ساڵانی شەستەکانەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە پارادایمەکانی پەیوەست بە وەرچەرخانە زمانەوانی و کولتوورییەکانی حەفتاکان و لێکۆڵینەوەیەی پۆست کۆلۆنیالیزم کە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعیدەوە لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا سەرچاوە گرتووە و دارشتنی "کۆسمۆپۆلیسی سانسکریتی" لەلایەن شێڵدۆن پالۆکەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێک هاتووە. ئەم وتارە هەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەراوردکارانی زمانی فارسی، لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا، نەک هەر ئەزموونی نەتەوە ژێردەستەکان و غەیرە فارس زمانەکان لە ئێراندا لە بەرژەوەندیی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماتریکسی دووانەیی (ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە "کۆلۆنیالیزمی" جیهانی ئیسلامی) سڕیوەتەوە، بەڵکوو وێنەیەکی ناڕاستەقینە و زیادەڕەوییان لە بوارەکە پێشکەش بە خوێنەرانی ڕۆژئاوا کردووە. ئەم بابەتە زیاتر گفتوگۆ ناوخۆییەکان سەبارەت بە "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ بیرکردنەوە لە ئۆپەراسیۆن و سیستەمی بەهێزکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و دەرەوەی ئـــەو وڵاتانـــە دەناســـێنێت، کە لێـــرەدا بۆ یەکەم جـــار بـــۆ بواری ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری بـــەکار هێنراوە.

## چەمکە سەرەکییەکان:

ئەدەبیاتی بەراوردکاری؛ ناوەندگەراییی فارسی-شـــیعە؛ زمانی فارسی؛ کۆلۆنیکردنی ناوخۆیی.

عەلـــی خامنەیـــی ڕێبـــەری کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێران لە لێدوانی ئەم دوایەیدا کە بۆ مامۆســـتایانی قۆناخەکانی باخچەی ســـاوایان هەتـــا ١٢ (واتـــە ســـەرەتایی، ناوەنـــدی و دواناوەنـــدی) لـــە تـــاران پێشکەشـــی کرد، ڕەخنەی لـــە فێرکردنی زمانـــی ئینگلیـــزی لـــە قۆناخەکانـــی ســـەرەتایی هەتـــا ١٢ و خوێندنی زانکۆ لە ئێرانـــدا گرت. هۆشـــداری دا لـــەوەی کە فێربوونی پێشـــوەختەی زمانـــی ئینگلیزی ڕێگا بۆ "داگیرکردنـــی کولتووریی ڕۆژئاوا" دەکاتەوە (نیویۆرک تایمـــز ٢٠١٨). ناوبراو لە چەندیـــن بۆنەی دیکـــەدا ڕەخنەی لە بەرەوپێشـــبردنی زمانی ئینگلیزی لە ئێران گـــرت و لەبری ئەوە هانـــی وانەگوتنەوە بە زمانـــی عەرەبی دەدا (بی‌بی‌ســـی ٢٠١٦). دوای هۆشـــدارییەکەی خامنەیی، مەهدی-یە ئەدهـــام، ئەنجومەنی بـــاڵای وەزارەتی پـــەروەردە، قەدەغەکردنـــی، "فێرکردنـــی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ســـەرەتاییە حکومییەکان و ناحکومییـــەکان" ڕاگەیاند (گاردیەن، ٢٠١٨). ڕۆژی ١٢ی تشـــرینی یەکەمـــی ٢٠١٩، پەنجا و حـــەوت ئەندام پەرلەمانی (مەجلیسی شـــووڕای ئیسلامی) ئێران پرۆژە یاســـایەکیان پێشـــکەش کرد کـــە وانەگوتنەوە بـــە زمانـــی ئینگلیزی لـــە K-١٢ (ســـەرەتایی تـــا دواناوەندی) لـــە ئێـــران قەدەغـــە دەکات و هەروەها پێشـــگیری لە دامەزراندنی مامۆســـتایانی زمانی ئینگلیـــزی دەکات (ڕادیـــۆ فەردا، ٢٠١٩). وێدەچێـــت ڕەخنەکانی خامنەیی لـــە زمانی ئینگلیـــزی لەلایـــەن ڕۆحانی ســـەرۆک کۆماری ئێرانەوە ئیدانە کرابێت. لە وەڵامێکی ناڕاســـتەوخۆدا بۆ ڕەخنەکانی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیســـلامیی ئێران، ڕۆحانـــی ڕایگەیانـــد، "فێربوونـــی چەند زمانێـــک و چەند زمانی بیانـــی، پەیوەندی بە ئاســـانکارییە بەردەســـتەکان و ژمارەی مامۆستاکانمان هەیە" (ڕادیۆ فەردا، ٢٠٢٠).

لە کاتێکدا کـــە ڕەنگە ئـــەو دوو بۆچوونە بە ناتەبا دەربکەون، بـــەڵام ئەم دوو ڕێبازە ســـەبارەت بە زمانەکانی ڕۆژئاوا/ئینگلیزی و ڕۆژهەڵاتی/عەرەبـــی بەرواڵەت دژ بە یەکن، بـــەڵام کاتێک بـــاس لە ســـەرکوتکردنی زمانە غەیرە فارســـییەکانی ئێران دەکرێت، یـــەک دەگرنەوە. دوایین هێـــرش لەلایەن حەکیمـــزادە، جێگری ســـەرۆکی وەزارەتی پـــەروەردەی ئێرانەوە بـــوو. ناوبراو لە ٢٩ی مـــەی ٢٠١٩ ڕایگەیاند کە تاقیکردنەوەیەک بۆ "شـــارەزایی بـــە زمانی فارســـی" لە سەرانســـەری قۆناغە پێـــش قوتابخانەکانی ئێرانـــدا زیـــاد دەکرێـــت. بە پێـــی ئەم سیاســـەتە هەڵاواردنە، ئەگـــەر منداڵانی غەیرە فـــارس لە ئێران لـــە تەمەنی پێنج ســـاڵیدا لـــە تاقیکردنەوەی شـــارەزایی بە زمانی فارســـی دەرنەچن، وەک کەســـێکی خاوەن کەموکوریی بایۆلۆژی و پێویســـتیی تایبـــەت مامەڵەیـــان لەگـــەڵ دەکرێت. ئەم جـــۆرە سیاســـەتە سیســـتماتیکیانە کە ئامانجیـــان چەواشـــەکردنی منداڵانی غەیرە فارســـی ئێرانە، دەورانی سڕینەوەی ناســـنامەی نەتەوەیی دەوڵەتـــان، ناوچە نەتەوەیی‌یـــەکان و ئەو دانیشـــتووانەی کە کۆلۆنیالیـــزە کرابوون، لەلایـــەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانـــەوە وەبیـــر دەهێنێتەوە. لەنێو ئـــەو پرســـیارە زۆرانـــەی کە ئەم پێشـــنیازە ورووژاندوویەتـــی، لێرەدا بۆ من بـــە تایبەتـــی کاریگەریی ئەم سیاســـەتە بەربـــڵاوە لەســـەر بوارکانـــی ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری، لێکۆڵینەوەکانـــی پـــاش کۆلۆنیالیـــزم و توێژینـــەوەی وەرگێران— وەک ئـــەو بەشـــانەی کـــە پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆیان لەگەڵ زمانـــە بیانییەکان و نیشـــتمانییەکاندا هەیە، جێگای نیگەرانییە. بنەمای ئەدەبی بەراوردکاری، و پرســـیاری

زمانە ژێردەستە و نافارسییەکانی ئێران، چۆن دەتوانێت قسە لەگەڵ گفتوگۆ گەورەکانی ناو خوێندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوخۆ و ئەکادیمیای ئەمریکای باکووردا بکات؟ و ئایا ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی و ئێران بە تایبەتی هەندێک تایبەتمەندیی ناوازەی تێدایە کە بەکار دەهێنرێت بۆ لەدایکبوونەوەی بوارەکە و بەرپەرچدانەوەی لەناوچوونی بەربڵاوی ئەدەبیاتی بەراوردکاری کە لەلایەن سپیڤاک (١٨۴) پێشنیار کراوە، هاوکات لەلایەن زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە لەسەر ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامی و ئێراندا پێشنیار کراوە؟ (بڕوانە: غەزول، ٢٠٠٦؛ گۆڵد، ٢٠١١؛ ئەنوشیرەوانی، ٢٠١٢؛ ئەحمەد، ٢٠١٦؛ میرزابابازادە-فۆمێشی، ٢٠١٧).

## لە تۆووەوە بۆ کۆرپەلە: ڕۆژانی سەرەتایی شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩

بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان لە ئێران لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٣٨-١٩۴٠ بە بڵاوبوونەوەی ڕۆمیۆ و ژوولییەت لە نووسینی ویلیام شکسپیر خرایە جووڵە؛ لەگەڵ لەیلی و مەجنونی نزامی (ن،د) بەراورد دەکرا. نووسەر، ئەلی ئەسغەر حیکمەت(١٨٩٣-١٩٨٠) ، زانایەکی ناسراو بوو کە داهێنەری سەرەکیی مۆدێرنیزاسیۆن و فارسیزەکردنی سیستەمی پەروەردە بوو لە سەردەمی ڕەزا شا (١٨٧٨-١٩۴۴). حیکمەت لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانیدا بە تێگەیشتنێکی فراوان لە ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە دەستی دەخاتە سەر بوارە جیاوازەکانی مێژوو و ئەدەب و بیناسازی، "بۆ تەلارسازێکی بەهێز، لێکۆڵینەوە لە مزگەوتی سەمەرقەند و بەراوردکردنی لەگەڵ کڵێسای کاتدراڵی کانتربێری جێگەی سەرنجە و شایەنی کات و ماندووبوونە. هەروەها بۆ زانایەکی ئەدەبی، بەراوردکردنی لەیلی و مەجنون لەلایەن دانایەک وەکوو گەنجەوی لەگەڵ ڕۆمیۆ و جولیەت لەلایەن شاعیری ستراتفۆردەوە بەراوردێکی چێژبەخشە و لێکۆڵینەوەیەکی سوودبەخشە" (ن،د, ١٠۶). حیکمەت لە هەوڵەکانیدا بۆ هەڵبژاردنی بەراستی باشترین زاراوەی فارسی بۆ "بەراوردکردن"، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەموو ئەو زاراوە فارسییە بەردەستانە بەکار دەهێنێت؛ واتە: "موقایسە و تەتبیق و سەنجیش".کە ئەمە ئاستەنگێکە کە بەراوردکارانی فارس لە ئێراندا هێشتا لەگەڵیدا کێشەیان هەیە (خەزری، ٢٠١٣، ل٣٢١-٣٣٨). لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە ناتیۆرییەکانی حیکمەت هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێشخەرییەکی دامەزراوەیی (١٩٣٨-١٩۴٧) لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا، کە بۆ یەکەم جار بەرنامەی- "سنجش ادبیات" (هەڵسەنگاندنی ویژە)ی لە مەنهەجی زانکۆی تاراندا لەخۆ گرتبوو. فاتمە سایە (١٩٠٢-١٩۴٧)، خەڵکی ئێران و لەدایکبووی رووسیا، وەک مامۆستا لە زانکۆی مۆسکۆ کاری کردووە و بەرپرسیارێتیی وانەگوتنەوەی لە خولەکەی وەئەستۆ گرتووە. بەڵام مردنی لە ساڵی ١٩۴٧ بووە هۆی داخستنی پرۆگرامەکە لەبەر ئەوەی "زانکۆ نەیتوانی ئەندامێکی دیکەی کۆلێژ کە بڕوانامەی زانستی هاوشێوەی سایەی هەبێت، وەربگرێت، واتە زمان و ئەدەبیاتی بیانی بزانێت" (ئەنەوشیروانی، ٢٠١٢. ۴٨۵). هەروەک چۆن سایە خۆی زیاتر لەوەی بە "بیانی" بناسرێت بە "فارسی/ئێرانی" دادەنرا، ئەدەبیاتی بەراوردکاریش هەر لە قۆناخە سەرەتاییەکانییەوە وەک بوارێکی پەیوەندیدار بە زمانی بیانی سەیر دەکرا. لە خۆڕا نییە کە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە سەردەمی سایەدا لە ژێر دیسیپلینی زمان و ئەدەبیاتی بیانیدا، بە تایبەتی زمانی ڕووسی دانرا. لە کاتێکدا یەکەمین بەرهەمی ناتیۆریی ئەو

بواره لە ئەکادیمیای ئێراندا دەتوانرێت بۆ حیکمەت و یەکەم چالاکیی دامەزراوەیی بۆ سایە بگەڕێنرێتەوە، جەمشید بێهنام (لەدایکبووی ۱۹۲۸)، لە راستیدا یەکەم زانای ئێرانی بووە کە بەرهەمێکی تیۆری لەسەر بوارەکە بڵاو کردووە و یەکەم کەسە کە زاراوەی "ئەدەبیاتی بەراوردکاری" بە مانا ئەکادیمییەکەی بەکار هێناوە. جگە لەوەش ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک "زانست" و "بنەما" دەستنیشان کرد. سەرەڕای ئاماژەکانی بە "ئەدەبیاتی گشتی" و "ئەدەبیاتی جیهانی" گۆتێ، (Goethe's weltliterature) تەنیا سەرنجی لەسەر کاریگەرییە ئەدەبییەکان بوو و تەنیا خەمی ئەرشیفێکی رۆژئاوایی بوو (۱۹۵۲، ۱۹۵۳). لە ساڵی ۱۹۵۳ کتێبی ئەدەبی بەراوردکارییەکەی خۆی بڵاو کردەوە کە وەرگێڕانێکی هاودەق بوو لە کتێبی "بەراوردکاریی ئەدەبی" (La Littérature Comparée) گویارد لە ساڵی ۱۹۵۲. بێهنام بەشدارییەکی بەرچاوی لە مۆدێرنیتە لە ئێراندا کرد. بەڵام بەشدارییەکەی لە بوارەکەدا، هاوکات لەگەڵ گرنگییە مێژووییەکەی، هێشتا بەرچاو نییە. لە شەستەکانی سەدەی رابردوو تا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹، ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە هەر دوو توێژینەوەی ناتیۆری و چالاکیی دامەزراوەیی هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە. حەسەن هۆنەرمەند (۱۹۲۸-۲۰۰۲) وانەبێژی ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی تاران، کە بەشداری لە توێژینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکانی فارسی لە ئێراندا کردووە، بە شێوەیەکی سەرەکی بە بڵاوکردنەوەی سێ بەرهەمی ناتیۆری لەسەر کاریگەریی شیعری فارسی لەسەر شێعری فەرەنسی (۱۹۷۲، ۱۹۷۱، ۱۹۷۰) هەبووە. لەم بەرهەمانەدا ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک ئامرازی سەرەکیی خۆی بۆ بەنێو نەتەوەییکردنی فارسیزمەکەی بەکار دەهێنێت. شایانی باسە کە کتێبەکەی ئەندرێ گیدە و ئەدەبیاتی فارسی لە لاپەڕەی دووەمدا بە دەستەواژەی "ئەدەبی بەراوردکاری لە خزمەت ئەدەبیاتی فارسیدا" ژێرنووس کراوە. زانا و وەرگێڕی ئیسلامی جەواد حەدیدی (۱۹۳۲-۲۰۰۲) کە لە بەشی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی فێردۆسی وانەبێژی ئەدەبی بەراوردکاری بووە. هاوشێوەی هۆنەرمەندی، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی سێ بەرهەمی ناتیۆری کە تەنیا لەسەر کاریگەرییەکانی ئیسلامی فارسی و شیعە لەسەر فەرەنسی بووە، بەشداری لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی فارسی لە ئێراندا کرد (۱۹۶۴، ۱۹۶۷، ۱۹۷۸). لە ماوەی هەمان ساڵدا ئەبولحەسەنی نەجەفی (۱۹۲۹-۲۰۱۶)، وەرگێڕ و زمانزان، کە وانەبێژی ئەدەبی بەراوردکاری بووە لە زانکۆی ئیسفەهان بەشداری لە بژاری زمانی فارسیدا کردووە، دیارترین هەوڵەکانی لەم بارەوە لە ڕێگەی کتێبی "با هەڵە نەنووسین" (۱۹۸۷) بووە. ئیسلامی نەدەوشەن (لەدایکبووی ۱۹۲۵)، ڕەخنەگر و وەرگێڕی ئەدەبی، کە لە زانکۆی تاران وانەبێژی ئەدەبی بەراوردکاری بووە، ئەویش لە کارەکانیدا بە تایبەتی داستانی شاهنامە، درێژەی بەم فارسیزمە داوە. هەموو ئەم داکۆکیکارانەی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێراندا دەرچووی ناوەندەکانی خوێندنی فەرەنسا بوون. هەموویان چوونە فەرەنسا بۆ درێژەدان بە پرۆگرامی دەرچوونیان بە زمانی فەرەنسی، بەڵام نەک لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری. ئەم زانایانە لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ ئێران، بە ناچاری لە بەشەکانی زمان و ئەدەبیاتی فەرەنسی دامەزران و خولی ئەدەبیاتی بەراوردکارییان پێشکەش دەکرد. ئەدەبیاتی بەراوردکاری هەم لە سەردەمی سایە و هەم لە سەردەمی هۆنەرمەندی، نەجەفی، حەدیدی،

ئیسلامییە نەدەوشەندا تەنیا لە بەشی زمانە بیانییەکان، واتە رووسی و فەرەنسی چالاک بووە. پێداگریی درێژخایەن و مۆدێرن لەسەر لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و شوێن پێ هەڵگرتنی سەرچاوەکان لە نێوان دوو زمان و ئەدەبدا کە لە ناو ئێران و جیهانی عەرەبیدا وەک قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی فەرەنسی (لەمەودوا ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنم) لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەیەکی سەرەکی لەم زاڵبوونە سەرەتاییەی چەمکی کلاسیکی فەرەنسی بۆ هەڵسەنگاندن بڵاو بووەتەوە. بەڵام سەرچاوەیەکی سەرەکیی دیکە هەبوو کە بە هەمان شێوە تەنانەت زیاتریش، پسپۆڕانی بەم چەمکە کۆنەی بەراوردکاری تەیار دەکرد: چەمکی ئیسلامی پێش مۆدێرن بۆ "هەڵسەنگاندن". بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشترمان هەبێت لە بواری جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی و ئێران بە تایبەتی، هیچ رێگەیەکمان نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ قۆناخی سەدەی ناوەڕاست و سەرەتای قۆناخی مۆدێرن. بێگومان پێش هاتنی ئیسلام (و لەو کاتەوە) زانایان ئاگاداری "بەراوردکردن" بوون. پسپۆڕانی هەر دوو زمانی عەرەبی و فارسی پێش مۆدێرن، زۆر جار بۆ ئەوەی باڵادەستی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا نیشان بدەن، لێکۆڵینەوەیان لە کاریگەرییەکانی یەکتر کردووە و بەدواداچوونیان لە سەرچاوەکانی نێوان ئەو دوو زمان و کولتووورە کردووە. لووتکەی ئەم بەراوردکردنانە لە پێناو نیشاندانی باڵادەستیدا، دەتوانرێت لە ناونیشانی ئەو کتێبانەدا ببینرێت کە لە ئەلفهرستدا هاتووە کە تێیدا کتێبنووسە موسڵمانەکەی سەدەی دەیەم ئیبن الندیم بەم شێوەیە پۆلێنی کردووە: ("باڵاتربوونی غەیرە عەرەبەکان بەسەر عەرەبەکاندا") و ("باڵاتربوونی عەرەبەکان بەسەر غەیرە عەرەبەکاندا") (١٩٩٤، ل١٥٦ ).

بەو پێیەی کە قورئان و حەدیس بۆ پسپۆڕانی ئیسلامی (قسەی پێغەمبەر) دەقی پیرۆز بوون، هەروا بەبێ هاوسەنگ و بێ‌هاوتا مانەوە. واتە لە کاتێکدا قورئان و حەدیس هەندێک جار بەراورد دەکران بە دەقەکانی تر، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی باڵادەستیی خۆیان نیشان بدەن. "تەنانەت سەدەکانی ناوەڕاست زاراوەیەکی تایبەتییان داهێنا، بەناوی "ئیجاز"، بۆ ئاماژەدان بە جۆرێک لە جوانییەکی بەرز و بێ‌وێنە کە هاوشانی نییە، شتێک کە تایبەتمەندیی وەحی بوو و هاوشێوەی موعجیزە بوو" (غازول، ٢٠٠٦، ل١١٤). بەڵام باسی کوفرویژی قەسیدە(ئەود)ی پێش ئیسلام جیاواز بوو. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بازاڕی "ئەل-ئووکاز" پێش ئیسلام شوێنێکی بەناوبانگ بوو بۆ کێبڕکێی شاعیران بۆ ئەوەی بزانرێت باشترین شاعیر کێیە. ئەلنەبیغە ئەلحوبیانی (٥٣٥-٦٠٤ ز) زۆر جار وەک دادوەر و بەراوردکار کاری کردووە. ئەو بەراوردەی کە عوم جوندوب لە نێوان شیعرەکانی هاوسەرەکەی لەگەڵ شیعرەکانی ئەلقامە کردوویەتی، بەناوبانگترین بەراوردکاریی سەردەمی پێش ئیسلامە. کاتێک شیعرەکانی ئەلقامە لە شیعرەکانی هاوسەرەکەی زیاتر بەدڵ و لەلا پەسەند بووو، هاوسەرەکەی لێ جیابووەوە و لەگەڵ ئەلقامە هاوسەرگیری کرد و نازناوی "ستالیەن" (واتە ئەسپ) ی پێ درا. لەناو دۆمەینی بەلاغەدا زۆربەی شیکارییە ئەدەبییەکانی ئەم بەراوردکارییەی سەدەی ناوەڕاست ئەنجام دراوە. عەرەبەکانی سەدەی ناوەڕاست چەمکی ساریقە، موعارەدە، موتەبەقە، مووازانە و فیساتایان داهێناوە بۆ ئەوەی بەراورد و نیوەندگیری و بەرگریکردن و تێپەڕاندنی شاعیرێک بەسەر شاعیرێکی دیکەدا بکەن (بڕوانە: العمیدی؛ الجرجانی؛ موبارەک). سەبارەت بە شیعری غەیرە عەرەبی، هەندێک لە ڕەخنەگرانی سەدەی ناوەڕاستی عەرەب، وەک ڕەخنەگرێکی

سەدەی نۆیەم، ئەلجاهیح (١٩٦٥، ل٧٤-٧٥)، هەندێک داستانی باو دەگێڕنەوە کە دەڵێن یۆنانییەکان و گەلانی دیکە شیعریان نەبووە. ئەم جۆرە ڕەوتە باوانە بووە هۆی ناوەندگەراییەکی عەرەبی (غەزول، ٢٠٠٦، ل١١٤). لە ڕووی مێژوویییەوە پسپۆڕانی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاستی غەیرە عەرەب دوو ڕێبازی جیاوازیان بەرانبەر بەم ناوەندگەرایییە عەرەبی-ئیسلامییە پەیڕەو کردووە. لە لایەکەوە هەندێکیان ڕێبازێکی توندڕەویان گرتەبەر بۆ لە ئامێزگرتنی ئەم عەرەبی-سەنتەریزمە بە بچووککردنەوەی زمان و کولتوورە نەتەوەیییەکانی خۆیان. نموونەیەک لەم کۆلۆنیالیزمە ناوخۆیییە ڕەنگە لە بەرهەمەکانی پۆلیماتسی ئێرانی، ئەلبیرونی (٩٧٣-١٠٤٠)دا بدۆزرێتەوە. لە بەراوردکردنی ئەو دوو زمانەدا ڕایگەیاندووە ”من لەم دوایییانەدا سەرقاڵی هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بووم. سوکایەتی پێکردنم بە عەرەبی خۆشترە لەوەی بە فارسی ستایشم بکەیت“ (٢٠٠٤، ل١٦٨). لە لایەکی تریشەوە باسی ئەو زانایانەمان هەیە کە بەرەنگاری ئەم عەرەبی-سەنتەریزمە بوونەتەوە و پەرەیان بە فارسیی ناوەندگەرایییە داوە. نموونەیەک لەم دژە عەرەبییە، فارس-سەنتەریزمە، لەوانەیە لەو بەراوردکارییەدا بدۆزرێتەوە کە شاعیری فارسیی سەدەی دوانزدەهەم، ’ئەنوەری، لە نێوان ئەو دوو زمانەدا کردوویەتی. ئەو مەقاماتی فارسیی حامید الدینی جگە لە قورئان و حەدیس لە هەموو کولتووری عەرەبی پێ باشتر بوو، ”هەر وتارێک کە قورئان و حەدیسی محەممەد نەبێت، قسەی قۆڕ و بێ مانایە، بە بەراورد لەگەڵ مەقاماتی حامد الدین“ (١٩٨٥، ل٥٢٣). هەر لە ناساندنی ئیسلامەوە بۆ ئەم ناوچانە، ئەم دوو ڕێبازە بەراوردکارییە: دژە نەتەوەیی لایەنگری عەرەبی/ئیسلامی و دژە عەرەبی لایەنگری ئەدەبی نەتەوەیی، لە زۆرێک لە زمان و ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامیدا سەلمێندراون.

پاش ئەم کورتە مێژووییە، ئێستا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ چاوخشاندن بە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی سەدەی بیستەم. لە ساڵی ١٩٠٠ تا شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران، هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆی فارسی-ڕۆژئاوایی (ڕووسی/فەرەنسی) لە بازنەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا، گفتوگۆیەکی فارسی-عەرەبی هەبوو کە چوارچێوەی تیۆرییەکەی بۆ ”بەراوردکردن“ لە چەمکی ئیسلامی پێش مۆدێرن بۆ هەڵسەنگاندن وەرگرتبوو. ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکارییانە لە کۆتاییی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەک نزیکبوونەوە لە پەیوەندییە ئەدەبییە فارسی و عەرەبییەکان سەریان هەڵدا. بەشی هەرەزۆری ئەم توێژینەوانە بە چڕی لەسەر کاریگەری و باڵادەستیی زمانی فارسی بەسەر زمانی عەرەبیدا بووە. ئەمەش هاوتا بوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمی دژە عەرەبیی ڕەزا شا. لووتکەی ئەم چەمکە لە دوو کتێبی گرنگدا بە ڕوونی دەبینرێت: شارستانییەت و فەرهەنگی ئێرانی (یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٤ چاپ کرا) و دوو سەدەی بێدەنگی (یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥١دا چاپ کرا). لە وەڵامی ئەم لێکۆڵینەوانەی ناوەندگەرایی-فارسی، چەندین زانای عەرەبی خوێندەواری فارسی لە ئێران ئاراستەی پێچەوانەیان گرتەبەر و بە تایبەتی لەسەر کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی و باڵادەستییەکەی بەسەر زمانی فارسیدا دەستیان بە نووسین کرد (بڕوانە:مەحفوز١٩٥٧، حەریری١٩٦٧). ئەم چەمکە ئیسلامییە پێشمۆدێرنەی شێوازی ”هەڵسەنگاندن“ لەگەڵ قوتابخانەی ڕۆژئاوایی فەرەنسی لە ئێراندا کاری دەکرد و توانی بە پێداگرییەکی مۆدێرن لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری و شوێن-پێهەڵگرتنی سەرچاوەکان بۆ نیشاندانی باڵادەستیی زمانی فارسی بەسەر زمان و کولتوورەکانی دیکەدا

زاڵ بێت . بەڵام ئەم ناوەندگەرایی-فارسییە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ گۆڕدرا بە ناوەندگەرایی شیعە و گەشەی کرد و بوو بە سەنتەرگەرییەکی قووڵی فارس-شیعە کە بەسەر هەموو لایەنەکانی ئێرانی مۆدێرن، بە زانستە مرۆیییەکانیشەوە زاڵ بوو.

## ئەدەبیاتی بەراوردکاری و شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩

لە ماوەی شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ وە شۆڕشی فەرهەنگی لە ئێراندا، ئەکادیمیای ئێران لە کاریگەرییەکانی رۆژئاوا و غەیرە ئیسلامی پاک کرایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شیعەگەرایی سیاسیدا بگونجێنرێت. شۆڕشگێڕانی ئیسلامی بە دەرهێنانی بارەگای شۆڕشی فەرهەنگی، لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٣ زانکۆکانیان داخست، بەشی ئەدەبی بەراوردکاری داخرا و زۆرێک لە پسپۆڕانی وەک هۆنەرمەندی سەرانەوە (ئەحمەدی، ٢٠٠٢، ل٣٠٢). لە ئەنجامدا بۆ ماوەی دە ساڵی تەواو هیچ شتێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بڵاو نەکرایەوە. سەرەرای ئەمەش چەمکی "هەڵسەنگاندن" لە پێناسە ئیسلامییە پێش مۆدێرنەکەیدا بە بەربڵاوی پەرەی پێدرا. ئەم "بەراوردکردنە" بۆ نیشاندانی باڵادەستیی "بلۆکی ئیسلامی" بەسەر بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، باڵادەستیی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بەسەر شۆڕشەکانی دیکە و باڵادەستیی شیعەگەرایی بەسەر سوننەگەراییدا بەکار هات. بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییە ناتیۆرییەکان لەسەر کاریگەری و کاردانەوەی ئیسلام بەسەر ئەدەبیاتی فارسیدا بۆ دیاریکردنی ناسنامەیەکی ئیسلامی بۆ ئەدەبیاتی فارسی تەرخان دەکران. بابەتەکانی ناوەندی شیعەگەرایی، وەک ئاشوورا، حوسێن و کەربەلا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا تەرکیزیان لەسەر کرایەوە (خزری، ٢٠١٣). ئەم توێژینەوانە و هەروەها برێکی کەم لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان رێبازی تیۆریی خۆیان لە چەمکی بەراوردکاریی ئیسلامی پێش‌مۆدێرن وەرگرتووە نەک ئەو پێشکەوتنانەی کە بوارەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە دیتووە. لە رووی تیۆریی رەخنەیییەوە، لێکۆڵینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان لە ئێران لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە رێگەی وەرگێرانی تیۆریی ئەدەبی "ڤێلێک و وارن" هەنگاوێکیان بەرەو پێشەوە ناوە. ئەم وەرگێرانە جوگرافیای تیۆریی ئەدەبی بەراوردکاریی درێژ کردەوە بۆ ئەوەی لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا لەژێر دەستی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری ئەمریکیدا پەرەی پێدراوە. ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی قوتابخانەی فەرەنسییەوە پێویستی بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان هەر دوو نووسەر یان دەقەکە نییە، هەروەها پێویستی بە جیاوازیی زمانەکان نییە. ئامانج بۆ بەراوردکردن لە رێگەی قوتابخانەی ئەمریکییەوە دۆزینەوەی لێکچوون و جیاوازی بووە لە نێوان نووسەران یان بەرهەمەکانیان. بەڵام ئەوە هەمان قوتابخانەی فەرەنسی بوو کە بەردەوام درێژەی بە زاڵبوون بەسەر بازنەکانی ئەدەبی فارسیدا دەدا. لە ساڵی ١٩٩٤ کتێبی ئەدەبی بەراوردکاریی عەرەبی "هیلال" وەرگێردرایە سەر زمانی فارسی. گرنگیی ئەم کتێبە لە نموونە کردەیییەکانی لەبارەی کاریگەریی ئیسلام و ئەدەبی عەرەبی لەسەر زمانی فارسیدایە. ئەم کتێبە وەک کاریگەرترین کتێبی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا ناسراوە. بەراوردکاری فەلەستینی، حوسام ئەلخەتیب (لەدایکبووی ١٩٣٢)، تیشک دەخاتە سەر گرنگیی کتێبەکەی هیلال و بەم شێوە وەسفی دەکات "تا کۆتاییی حەفتاکان، کتێبەکەی هیلال وەک تاکە سەرچاوە بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری

ماوەتەوە و من تەحەدا دەکەم کە هیچ کتێبێک نییە کە یەک خاڵ یان یەک لاپەڕە باشتر و زیاتر لەوەی هیلالی پێشکەش کردبێ" (١٩٩٠، ل٥٤). وێدەچێت ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی بەراوردکاری نوێ لە ئێراندا تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم زۆرتر جێگای سەرەنج بێت. دەیان کتێبی بەراوردکاریی تیۆری نووسراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی. چەندین گۆڤاری ئێرانی بە تایبەتی سەرنجیان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری بووە. کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکان تەرخان کراون بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری. جگە لەوەش چەندین زانکۆ پسپۆڕیی نوێیان لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا دامەزراندووە. پێشهاتە هاوشێوەکان لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرنجیان پێ دراوە. بەراوردکاریی سووری، "ئیستایف" ئەم پێشهاتە بێ وێنەیە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا لە ڕێزگرتن لە ژمارەی کتێبە تیۆرییەکان بەم شێوەیە وەسف دەکات "ژمارەی کتێبی تیۆری لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا بە زمانی عەرەبی زیاترە لە هەموو زمانێکی زیندووی دیکە، لەوانەش ئینگلیزی و فەرەنسی. تەنانەت ژمارەی ئەم کتێبە عەرەبییانە لە کتێبە ئەدەبییە بەراوردکارییەکان لە فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا هەموویان بخەیتە سەر یەک زیاترە" (٢٠٠٧، ل١٢-١٣). بورسیەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێستادا لە ئێران و جیهانی عەرەبیدا، ئەم دەسکەوتانە وەک نیشانەی پێشکەوتنی بوارەکە پێناسە دەکەن و ڕەنگە ڕێگە بۆ پێشکەوتنەکانی داهاتوو خۆش بکات (بڕوانە: گۆڵد، ٢٠١١؛ ئەنووشیروانی، ٢٠١٢؛ ئەحمەد، ٢٠١٦، میرزابابازادە-فۆمێشی، ٢٠١٧). بەڵام ئەم بەشانەی خوارەوە پێچەوانەکەی دەخەنە ڕوو.

## ناوەندگەرایی سیستماتیکی فارس-شیعە

کۆلێژێکی مامناوەندی ئەدەب و زانستە مرۆییەکان لە ئێران لەسەر زمانە نیشتمانی و بیانییەکان لەم بەشانەی خوارەوە پێک دێت: بەشی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی. لە هەندێک لە دامەزراوە پێشکەوتووەکاندا ڕەنگە بەشەکانی فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی و پورتوگالی و بەشەکانی دیکە بدۆزرێتەوە. زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە سەرتاسەری باخچەی ساوایان تا ١٢ی دواناوەندی(K-١٢) خراوەتە مەنهەجی خوێندنەوە. ئەوەی لێرەدا سەرنجراکێشە، نەبوونی ئەو بەشانەیە کە گرنگی بە زمان و کولتوورەکانی وڵاتانی دراوسێ بدەن، بە تایبەتی وڵاتی هیندستان و ئۆراسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا. هاوکات لەگەڵ ئەم لایەنگرییە جوگرافییە دەرەکییە، لایەنگرییەکی جوگرافیای ناوخۆیی سەبارەت بە زمانە غەیرە فارسییەکان لە ئێران هەیە، کە زمانی دایکی نیوەی دانیشتووانی ئێران غەیرە فارسین. لەو ناوچانەش هەروەها زمانی فارسی وەک تاکە زمانی یاسایی فێرکاری لە K-١٢ و خوێندنی زانکۆدا بەکار دێت. تەنانەت یاسای بنەڕەتی لە ئێران زمانە نافارسییەکان لە ئێراندا بە زاراوەی کۆلۆنیالیزمی وەک "زمانی ناوچەیی و خێڵەکی" وەسف دەکات (مادەی ١٥). وێنەی ١ و ٢ ئەم ناوەندگەراییە فارسییە بە بەراورد لە ژمارەی بەشی زمانی بیانی لە سەرانسەری ئێراندا نیشان دەدەن. هەمان دۆخ بۆ کەمینە ئایینییە غەیرە شیعەکانی ناو ئێرانیش ڕاستە. دەستووری ئێران قوتابخانەی دوانزەی جەعفەری(دوانزە ئیمام) ئیسلامی شیعە وەک ئایینی فەرمی دەوڵەت ناو بردووە.

ئایینە غەیرە شیعەکانی ئێران لە رووی مێژوویییەوە لە بازنەی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی فارس/شیعە لە ئێراندا لابراون. وێنەی ٣ ئەم ناوەندگەراییەی شیعە بە بەراورد لە ژمارەی بەشەکانی خوێندنی ئایینی و ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا نیشان دەدات.




وێنەی ١–ژمارەی بەشی زمانی بیانی لە زانکۆ حکومییەکان لە سەرانسەری




وێنەی ٢–ژمارەی فارس/پرشیا و بەشی زمانە رەسەنەکانی دیکە لە ئێران، و رێژەی سەدیی قسەکەرانیان نیشان دەدات.

رێژەی دانیشتووانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ئێراندا پرسێکی زۆر جێگای مشتومرە. حکومەت ئەم بابەتە بە بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەزانێت. من پشتم بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و نێودەوڵەتییەکان بەستووە وەک: کتێبی رێکخراوی سی ئای ئەی ”راستییەکانی جیهان“ (CIA World Factbook, Iran) و ”پۆرتاڵی داتاکانی ئێران“ (PBS Data Portal)، لەنێو ئەوانی تردا.




وێنەی ٣–ژمارەی بەشە ئایینییەکان لە زانکۆ حکومییەکانی ئێران و رێژەی دانیشتووانیان نیشان دەدات. زۆرترین راپرسیی ئەم دواییە گۆڕانکاریی گەورە لە بیروباوەڕی ئایینی لە ئێران ئاشکرا دەکات. سەیری https://theconversation.com/irans-secular-shift-new-survey-reveals-huge-changes-in-religious-beliefs-١٤٥٢٥٣ بکە.

سەرەڕای ئەو گریمانەیەی کە لەبەردەستدان، ئەمە تەنیا کێشەیەکی ئێرانی/رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە؛ بەڵکو هاوکات کێشەیەکی گشتگیر و نێونەتەوەییە کە دەتوانرێت هەتا ئەمریکای باکوور لەخۆ بگرێت. هیچ کام لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ئەمریکا هیچ پێگەیەکی هەمیشەییان بۆ زمان و کولتوورە بێ دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەڵام سەدان بەرنامە بۆ زمانە ئیمتیازدارەکانی دەوڵەتانی باڵادەست کە زۆرجار لەژێر ناونیشانی ”توێژینەوەکانی ناوچە“ وەک ”زمان و کولتوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی نزیک“ دابین دەکەن. بە گوێرەی ئاماری پەیمانگای توێژینەوەی پێشکەوتوو بۆ زمانەوانی لە زانکۆی مینیسۆتا، تەنیا لە ئەمریکا زیاتر لە ٧٨٨ پرۆگرامی هەمیشەیی بە زمانی عەرەبی، ١٠٩ بە زمانی تورکی، ١٠٠ بە زمانی فارسی هەیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ناوەندی توێژینەوەیک لەسەر زمانە بێ دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەپێی ئاماری دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەمریکا ٢٢٥ پرۆگرامی خوێندنی باڵا هەیە کە بۆ هەر یەکە لە زمانەکانی، عەرەبی (١٥٩)، عیبری (٩١)، فارسی (٤٩) و تورکی (٣٦) پرۆگرامی خوێندنی باڵایان هەیە. بۆ زمانە قەیرانییەکان/بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی هیچ چەشنە بەرنامەی هەمیشەیی لەو جۆرە بوونی نییە.




وێنەی ٤ ژمارەی بەرنامە هەمیشەیییەکان بۆ زمان و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمریکا نیشان دەدات. هەروەها ئەم دامەزراوانە و ناوەندەکانی سەر بە خۆیان لە دابەشکردنی سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ناهاوسەنگیان هەیە؛ لە هەمووی گرنگتر، ئەوان قۆرخکاری لەسەر ئەو یارمەتییانە بۆ خوێندنی ناوچەیی، زمانە "لە قەیرانداکان"(بێدەوڵەتەکان) و کولتوورە بێ نوێنەرایەتییەکان وەک زمانی کوردی دەکەن. لە ٢٩ی ئابی ٢٠١٩، وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا لە نامەیکدا زانکۆی کارۆلینای باکوور (UNC) چاپڵ هیڵی ئاگادار کردەوە کە پێداچوونەوەی وەزارەتەکە بە ڕاپۆرتی ساڵانەی پرۆژەکان کە لەلایەن کۆمەڵەی دوک-UNC بۆ توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (CSME) پێشکەش دەکرێت، نایەکسانیی سروشتی هەیە: "وێدەچێت دوک- CSME,UNC لە دابین کردنی ئەو پرۆگرامانەی کە سەرنج بخەنە سەر ئەو نابەرابەرییە مێژووییانە کە کەمینە ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی دەبنەوە و بارودۆخی ئێستای کەمینە ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاوسەنگ نییە، بە تایبەت لەسەر مەسیحییەکان، جوولەکەکان، بەهاییەکان، ئێزیدییەکان و کوردەکان زۆر کەم یان هیچ پرۆگرامیکیان نییە. پسپۆرە فارسەکانی "پاش کۆلۆنیالیزم" وەک حەمید دەباشی لەبری ئەوەی ئاماژە بە ئەم ناتەواوییە لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە زانکۆ بدەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نامەکەی وەزارەتی پەروەردەی ئەمریکا بۆ دوک- UNC-CSME لە ڕاستیدا هاندەرن بۆ بەرپەرچدانەوەی تێروانینەکانی "دژە ئیسرائیل و دژە ئیمپریالیزم" لە چوارچێوەی ئەم بەستێنەدا(٢٠١٩).

لە ڕووی مێژووییەوە هەر چەشنە پێشخستنی زمانی دایکی وەک ئامرازێکی پەروەردە بۆ کەمایەتیە نەتەوەیییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن دەوڵەتانی ئەم ناوچەوە وەک پیلانی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم و دوژمنانی ئەو دەوڵەتانە چاویان لێ دەکرێ (شێخولئیسلامی ٢٠١٩، سولیمانی و موحەمەدپوور، ٢٠١٩). بەربەستێکی تری گەورەی سیستماتیک سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران بە تایبەتی، سیستەمی ناوەندی و تاک زمانی پەروەردەییە. پرۆگرامەکانی خوێندنی K-١٢ لە سەرانسەری ئێراندا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی ئێرانەوە داڕێژراون. ئەمەش وا دەکات هەر گۆڕانکارییەک لە هەر مەنهەجێک یان تەنانەت یەک کۆرس لە سەرانسەری وڵاتدا مەحاڵ بێت. پرۆگرامەکانی خوێندنی پاش K-١٢ بۆ سەرجەم زانکۆکانی سەرتاسەری وڵات، لەلایەن وەزارەتی زانست، توێژینەوە و تەکنەلۆژیای ئێرانەوە داڕێژراون. ئەم ڕێوشوێنە ناوەندی و تاک زمانییە ڕێگە بە زانکۆکان و بەشەکانی زانکۆ نادات کۆرسێکی نوێ لە دەرەوەی ئەو مەنهەجەی کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتەوە پەسەند کراوە، پێشکەش بکەن. ڕێگە بە خوێندکاران نادات ناوی خۆیان لە خولەکانی تردا تۆمار بکەن کە لەلایەن بەشەکانی دیکەوە دابین دەکرێن. بۆ نموونە بە پێچەوانەی زانکۆکانی ئەمریکای باکوور، مەحاڵە خوێندکارێکی زمانی فارسی لە زانستی سیاسیدا خوێندنی مینۆر تەواو بکات یان تەنانەت یەک

کۆرس لــــە خوێندنی لێکۆڵینـــەوەی ڕەگەز وەربگرێــت. بـــە پێچەوانەی سیســـتەمی ئەمریکای باکـــوور، هەردوو خوێندنی K-١٢ و زانکۆ لـــە ئێران پەیوەندیـــی نزیکیان بە دەســـەڵاتەوە هەیە و لەلایـــەن دەوڵەتەوە چاودێـــری دەکرێن. ڕازێکی ئاشـــکرایە کە لـــە ئەکادیمیـــای ئێرانـــدا "دەتوانیت هەر شتێک بنووسیت و باســـی بکەیت جگە لە ئایین، سیاســـەت و ژن". ئەم ســـێ بابەتە لـــە ڕووی مێژوویـــیـــەوە ســـەرەکیترین بابەتەکانی بواری ئەدەبیاتـــی بەراوردکاین.

## ناوەندگەرایی شـــــەرعی(دینی) فارس-شیعە

هەموو ئەو بیســـت کتێبـــە تیۆرییەی کە لـــە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لـــە ئێراندا لە بەردەســـتدان، پێشـــوەختە بۆ قوتابخانەی فەرەنســـی تەرخـــان کـــراون. جگـــە لە ســـێ ســـەرچاوە، ڕۆمانی ســـاجیدی "لە ئەدەبیاتـــی بەراوردکارییـــەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبـــی"، "بەراوردکردنـــی ئەدەبیـــات و ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریی" لەلایەن دادوەر و "گەران بـــەدەوری بەراوردکاریی ئەدەبی" لەلایـــەن لیتافاتی و فەراهانی تاکە ســـێ ســـەرچاوەن لە دەرەوەی ئـــەو بازنەیەدا. بەڵام بەشـــداریی ئـــەم ســـێ کتێبە لە پەرەپێدانـــی ئەو بوارە لە ئێراندا ئەســـتەمە بتوانـــرێ هەژمار بکرێن، بـــەو پێیەی کە تایبەت بۆ خوێندکارانی بەشـــی فەرەنسی دارێـــژراون. بۆ نموونـــە کتێبەکەی دادوەر بە زمانی فەرەنســـی نووســـراوە. نووسەرانی ئـــەو حەڤـــدە کتێبانەی دیکە، مەشـــق و ڕاهێنانیـــان لەســـەر خوێندنـــی عەرەبی، فارســـی و ئیســـلامی وەرگرتـــووە، نەک ئەدەبیاتـــی بـــەراوردکاری وەک بوارێک. تەنانـــەت پێنج لـــەو کتێبـــە تیۆرییانە لە ئێراندا بـــە زمانـــی عەرەبی نووســـراون (زابیری، ٢٠٠٧؛ شـــێخی، ٢٠٠٨؛ خزری، ٢٠١٣؛ پەروینـــی، ٢٠١٣؛ زەینیوەنـــد، ٢٠١٣). زۆرێـــک لـــەم کتێبانـــە پڕن لە نموونـــەی ناوەندگەرایی فارسی-شـــیعە.

لەو بیســـت کتێبە تیۆرییەدا کە ســـەبارەت بـــە ئەدەبـــی بـــەراوردکاری لـــە ئێران وەرگێردراون، ســـێزدە کتێب لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبییـــەوە وەرگێردراون. بە پـــێ ڕیزبەندییـــە کرۆنۆلۆژییەکەی(بەپێی زەمان) بریتین لەمانەی خـــوارەوە: "هیلال ١٩٩٤و ٢٠١٤؛ نیدا ١٩٧٣، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥؛ کەفافـــی ١٩٧١؛ جەمالدین ٢٠١١ و ٢٠١٤؛ حەموود ٢٠١١؛ شـــێخی ٢٠١٢؛ ئەلتونجی ٢٠١٦، ئاڵتووش ٢٠١٦ و ئیســـتەیف ٢٠١٨. حـــەوت کتێبەکـــەی دیکە لـــە زمانەکانی ئینگلیـــزی و فەرەنســـی بریتیـــن لـــە: هێڵکاریی ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری لە دانتی ئەلگیێریـــەوە تا یوجین ئۆنیـــڵ (فریدریک: مەلـــەون ٢٠٠٩)؛ بەراوردکردنی ئەدەبیات (گۆیـــارد ١٩٩٥)؛ ئەدەبیاتـــی گشـــتی و بەراوردکاریـــی ئەدەبیـــات ( ژێونە ٢٠١١)؛ توێژینـــەوە ئەدەبییـــە بەراوردکارییەکان: پێشـــەکییەک (پەروار ٢٠١٩)؛ پێشەکی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری (جۆســـت: ٢٠١٩)؛ و بەراوردکاریـــی ئەدەبیـــات (شـــێڤرێل: ٢٠٠٧)؛ و "کۆمـــاری دونیـــای ئەدەبیات (کاســـانۆڤا ٢٠١٤). ئەوەی ئـــەم وەرگێڕانە و ڕیزبەندیـــی کرۆنۆلۆژییـــان پێمان دەڵێن، ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری لـــە ئێراندا هیچ پەیوەندییەکـــی جەوهـــەری و بەردەوامی لەگـــەڵ ئەدەبیاتـــی بەراوردکاریی جیهانیدا نییـــە. چونکە جگـــە لە کتێبی شـــێڤرێل و کازانۆڤـــا، هەمـــوو کتێبەکانـــی دیکەی غەیـــرە عەرەبـــی لـــە بنەڕەتـــدا پێش شۆڕشی ئیسلامی ســـاڵی ١٩٧٩ نووسراون. دەتوانرێت هەمـــان ئارگیۆمێنت بۆ زۆربەی چالاکییـــە پەیوەندیدارەکانی دیکەی بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری (واتە وۆرک شـــۆپ، کۆنفرانـــس و گۆڤارەکان) بـــەکار بهێنرێت. لە ئەکادیمیـــای ئێراندا، بـــواری ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە بەشـــەکانی عەرەبیـــدا خـــۆی دەگرێتەوە. تەنانەت لە ئیســـتادا داڕێژەرانی سیاســـەت لە ئێرانـــدا ئەدەبیاتی بـــەراوردکاری وەک بوارێکی ســـەربەخۆ و جیاواز ناناســـن، بەڵکو

وەک بواریکی لاوەکی یان وەک لقێک لە زمانی فارسی و عەرەبی دەناسن (میرزابابازادە- فۆمێشی، ٢٠١٧، ل١٥٣-١٥٤). کاریگەرییە کێشە سازەکانی ئەم سەریەککەوتنە کە توانای تەکنیکی لە زمانی عەرەبیدا بە بەراوردکاری بە شارەزایی و ڕەوانبوون لە زمانی عەرەبیدا دەزانێ، هێشتا لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا باس نەکراون. یەکێک لە کاریگەرییە کێشەدارەکان پێشوازییەکی بێوێنە بووە لە بەشێکی زۆری دیاریکراوی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی کە بەباشی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ناوەندگەرایی فارسی-شیعەدا دەگونجێت. زۆرینەی ئەو بەراوردکارانەی عەرەب کە بەرهەمەکانیان وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی فارسی، پەیوەستن بە زمان و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیهانی عەرەبیدا. ئەم زانایانە هیچ ڕاهێنانێکیان لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا وەک بنەمایێک وەرنەگرتووە. لە هەموو ئەم وەرگێرانەدا، مرۆڤ بە ڕوونی نموونەی بێئەژماری ناوەندگەرایی فارس-شیعە و بە ئامرازکردنی بوارەکە بۆ مەبەستی ئایینی و سیاسی دەبینێتەوە. ڕەنگە یەکێک لە ڕوونترین نموونەکان، ئەدەبیاتی بەراوردکاریی "تاها نیدا" بێت. ئەم کتێبە کە لانیکەم پێنج جار لەلایەن وەرگێرە جیاوازەکانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، بابەتگەلێکی ناوەندی ئەم ناوەندگەراییەی فارس-شیعە لەخۆ دەگرێ، وەک حوسێن، کەربەلا و ئاشورا. نیدا لەم کتێبەدا بانگەشە بۆ سنووردارکردنی جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەکات بۆ کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و ئامرازکردنی بوارەکە بۆ مەبەستی سیاسی (ئاڵووش ١٩٨٧، ل٢٥٥). جێگای سەرنجە کە هەموو ئەو بەراوردکارە عەرەبانەی کە بەرهەمەکانیان لە لایەن بازنەکانی ئەدەبی فارسەوە وەرگیراون، سەر بە قاهیرە و بەیروت و دیمەشق -واتە ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە ئێران لە مێژوودا پەیوەندیی سیاسی لەگەڵدا پاراستووە.

ئەم ناوەندگەراییە فارس-شیعەیە لە ئێران (و ناوەندگەرایی عەرەبی-ئیسلامی هاوشێوە لە جیهانی عەرەبیدا) تەنانەت هەوڵیان داوە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەم ناوەندگەراییە شەرعی(دینی) فارس-عەرەبی-ئیسلامی دروست بکەن، کە لە زمانی عەرەبی، ئیسلامی و ئێرانی لە قوتابخانەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاریدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

## قوتابخانەی عەرەبی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری

لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، "چەمکی المدرسه العربیه فی الاداب المقران" (قوتابخانەی ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی)، یەکێک بووە لە دەستەواژە بەکارهێنراوەکان و لە هەمان کاتدا چەواشەکارترین دەستەواژەکان لە وشەسازیی زمانی عەرەبیدا لە بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا. ئەم زاراوەیە نەک هەر هیچ داهێنانێکی تیۆری نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لەپێناوی ناوەندگەرایی عەرەبیدا بەکار هاتووە و لە یەکەم هەنگاودا وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە قوتابخانە فەرەنسی، ئەمریکی و سلاڤییەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا دەرکەوت. چەمکی 'قوتابخانەی عەرەبی' زۆرجار وەک ئەجێندای ناسیۆنالیستەکانی جیهانی عەرەبی وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و سەلماندنی کاریگەری و باڵادەستیی زمانی عەرەبی بەسەر زمانەکانی دیکەدا بەکار هێنراوە. هەروەها بۆ مەبەستی دیکە لە دەرەوەی ئەدەبیات بەکار هاتووە بە تایبەتی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ویناکردنی جیهانی عەرەبی وەک "بلۆکێکی یەکگرتوو" بە یەک زمان و ئەدەبی عەرەبییەوە. لەم ڕوانگەیەوە قوتابخانەی عەرەبی پێویستی بە دوو مەرجی سەرەکیی پێویست هەیە بۆ

ئەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەک بخرێتە ناو ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە: زمانی جیاواز و پەیوەندیی مێژوویی بە شێوازی کاریگەری و سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە. "کەفافی"، یەکێک لە داکۆکیکارە پێشەنگەکانی قوتابخانەی عەرەبی دەپرسێت؛ ئایا ئێمە لە توێژینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان شیعری عەرەبی مۆدێرن لە میسر و شیعری عەرەبی مۆدێرن لە لوبنانمان ئەنجام داوە؟ دەڵێ راستییەکە ئەوەیە کە سنوورە سیاسییەکان ناتوانن پێوەر بن بۆ جیاکردنەوەی ئەدەبەکان بۆ ئەوەی بیانکەنە ئەدەبیاتێکی جیاواز یان بۆ ئەوەی بخرێنە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە وەک ئەدەبیاتی زمانی جیاواز" (١٩٧١، ل٢٤). قوتابخانەی عەرەبی لە پێناو بەهێزکردنی ناوەندگەرایی عەرەبیدا تەنانەت ئەوەی بە زمانی عەرەبی لەلایەن پسپۆڕانی غەیرە عەرەبیشەوە نووسراوە، بە ئەدەبی عەرەبی دەزانێت، جەمالئەدین داکۆکیکارێکی دیکەی قوتابخانەی عەرەبی نووسیویەتی(١٩٨٩، ل٥): ئەگەر شاعیرێک یان نووسەرێک بە زمانی عەرەبی بنووسێت، ئێمە ئەدەبیاتەکەیان بە عەرەبی دەزانین، سەرەرای رەگەزی جیاوازیان. بۆیە ئەو دیوانە عەرەبییانە و بەرهەمەکانی نووسەرانی فارس وەک نموونەی ئەدەبیاتی عەرەبی دادەنرێت نەک فارسی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ناوەندگەراییە عەرەبییەی قوتابخانەی عەرەبی و نەبوونی هیچ داهێنانێکی تیۆری، هەرچەند پسپۆڕانی عەرەب وەک ئیستایف (٢٠٠٧) رەتی دەکەنەوە ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنن و پێیان باشە کە "عەرەب و ئەدەبیاتی بەراوردکاری" بەکار بهێنن. وەک من روونم کردووەتەوە، قوتابخانەی عەرەبی پەیوەندییەکی یەکگرتوو و بەردەوامی لەگەڵ چەمکە ئایدیۆلۆژییە بارگاویکراوەکانی "خێڵێکی هەڵبژێردراو" لە سەردەمی پێش ئیسلامدا هەیە، یان "نەتەوەیەکی هەڵبژێردراو" لە عەرەبستانی سەدەی ناوەراستدا، و لەگەڵ دیاردە بارگاویکراوە هاوشێوەکانی وەک "پان عەرەبیزم"، "بلۆکی عەرەبی"، "یەکێتیی عەرەبی"، و لەم دواییانەشدا بەهاری عەرەبی (٢٠١٥، ل٤٠-٦٧).

## ئەدەبیاتی بەراوردکاریی قوتابخانەی ئیسلامی

لە کاتێکدا ناسیۆنالیستەکانی جیهانی عەرەبی بانگەشەیان بۆ قوتابخانەی عەرەبی دەکرد، ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی چەمکی تایبەت بە خۆیان واتە، "مەکتەبی ئیسلامی ئەدەبیاتی بەراوردکاری"یان داهێنا. ئەم چەمکە وەک کاردانەوەیەکی راستەوخۆ لە دژی قوتابخانە فەرەنسی، ئەمریکی، سلڤاکی و عەرەبە ناسیۆنالیستەکان دەرکەوت. مانیفێستی تیۆریی ئەم قوتابخانەیە کتێبەکانی مەکییە کە بریتین لە بەرەو ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامی، و پێشەکی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامی. مەکی (١٩٢٤-٢١٧) بۆ ناساندنی قوتابخانەکە ئاوەها پێناسەی دەکات: "بوارێکی مومکین و فراوان لە چوارچێوەی بوارەکەدا هەیە وە ئەویش ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ئیسلامییە. ئەگەر تیۆریستەکانی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئامانجە جوانکارییەکانی بوارەکە پێش کەوتبن، ئەوەتا ئیسلام لە ئامانجی کۆتاییی خۆی لە بوارەکەدا وەپێش کەوتووە و ئامرازێکی ئەدەبیی بەسوودی لە بەرزکردنەوەی هەستی مرۆڤایەتی لە دەروەوەی رەنگ، رەگەز و زمان بەدەست هێناوە" ( ١٩٩٤، ل٥). هاوشێوەی قوتابخانەی عەرەبی، قوتابخانەی ئیسلامیش هیچ داهێنانێکی تیۆری لە توێژینەوە ئەدەبییە بەراوردکارییەکاندا بەدەست نەهێناوە. زۆرجار ئەم

دەستەواژەیە وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ تیشک خستن و هەڵسەنگاندنی ئەدەبیی جیهانی ئیسلامی لە لایەک و کەمکردنەوەی گرینگی و بایەخی ئەدەبیاتی ناموسڵمانەکان لە لایەکی دیکەوە بەکار هاتووە. ڕەگ و ڕیشەی ئەم مەکتەبی ئیسلامییە دەتوانرێ بگەڕێتەوە بۆ ناوەندگەراییی ئیسلامی لە چوارچێوەی قۆناغ و مەودا مێژوویی‌یە جیاوازەکاندا. وەک نیشانم داوە، ئەو دەستەواژە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ "باشترین نەتەوە" لە سەردەمی پێش مۆدێرن و لەگەڵ "پان-ئیسلامیزم"، "یەکگرتوویی ئیسلامی"، "نزیکبوونی مەکتەبەکانی هزری ئیسلامی" و دواجار لە بەهاری ئیسلامی لە سەردەمی جیهانی عەرەبیی ئەمڕۆدا هەیە (٢٠١٥، ل٤٠-٦٧). لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە پێشوازییەکی بێ‌وێنە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبی لە ئێراندا کراوە (خزری، ٢٠٢٠، ل١٠٥-١٤٠). هەر دوو قوتابخانەی ئیسلامی و عەرەبی لە بازنەی ئەدەبی بەراوردکاریی فارسیدا وەرگیراون و گفتوگۆیان لەسەر کراوە. قوتابخانەی ئیسلامی تەنیا بۆ تیشک خستنە سەر ئەو تەوەرە ئەدەبیانەی کە ناوەندی شیعەگەرایین، بەکار هێنراوە. بەڵام دۆخی قوتابخانەی عەرەبی کەمێک جیاواز بووە. هەندێک وەک ئەزموونێکی عەرەبی بەناو دژە ئمپریالیزم وەریانگرتووە، هەربۆیە پێشوازییان لێ کردووە. هەندێکی تریش تەنیا وەک ئەزموونێکی ناوەندگەرایی عەرەبی وەریانگرتووە. بەراوردکارە فارسەکان لە هەوڵە دژە عەرەبی و پاوانخوازییە فارسیزمەکانیاندا چەمکی خۆیان داهێناوە و ئەویش قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانییە!

## قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانی

هاوشێوەی قوتابخانەی عەرەبی و ئیسلامی، قوتابخانەی ئێرانیش، هیچ داهێنانێکی لە تیۆری ئەدەبیدا نییە. زۆرجار ئەم دەستەواژەیە لەلایەن پسپۆڕانی فارس-شیعەوە وەک کاتالیستێکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە و نیشاندانی کاریگەرییەکەی بۆ باڵادەست نیشاندانی فارسی و شیعەگەرایی بەسەر زمان و ئایینەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا بەکار هێنراوە. میرزایی و سەلیمی پێشنیاری جێبەجێکردنی قوتابخانەیەکی ئێرانیان کردووە وەک "کاتالیستێک بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەدەبیاتی بەراوردکاری وەک بنەمایێکی ئەکادیمی لە ئێران" و "بەکارهێنانی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی نیشتمانی/[فارسی]" (٢٠١٠، ل٢-٧). ئەکبەری بە ئاماژەدان بە "پلۆرالیزمی کولتووریی فەلاتی ئێران"، داوای قوتابخانەی ئێرانی دەکات، چونکە تەنیا لە ڕێگەی قوتابخانەیەکی لەو شێوەیە دەتوانرا "هەڵسەنگاندن لە نێوان دوو شاعیری ناو سنوورەکانی ئێران لە دوو قۆناغی جیاوازدا بکرێت". زەینیوەند (٢٠١٣، ل٢) لە وتارەکەیدا بەناوی "قوتابخانەی ئێرانی بۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری"، بانگەشەی ئەوە دەکات کە قوتابخانەی ئێرانی "یۆرۆسەنتریزم" و "ئامانجە کۆلۆنیالیزم و ئیمپراتۆری" قووڵەکانی بوارەکە ڕەت دەکاتەوە و "ئیسلامی-ئێرانی" لە شوێنی ئەوان دادەنێت." بڕوای وایە قوتابخانەی سلاڤی لە خوێندنەوەکەیدا بانگەشە بۆ کۆمۆنیزم دەکات، قوتابخانەی فەرەنسی داکۆکی لە یۆرۆسەنتریزم دەکات و قوتابخانەی ئەمریکی داکۆکی لە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەکات، بەڵام مەکتەبی ئێرانی "قوتابخانەیەکی نوێیە کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لەگەڵ کولتوور و ناسنامەی ئێرانێکی پاک و ئیسلامیی پاکدا هەیە. ئامانجی ئەم قوتابخانەیە بەهێزکردنی بنەمای ئەدەبی

نیشتمانی و ئەدەبی ئیسلامی و بەکارهێنانی ئەم دووانە وەک کاتالیستێک بۆ تێگەیشتن لە کولتوورەکانی تره. بۆیە دوو دەستەواژەی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە: "فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئێرانی" و "دوکتورینی ئایینی" (هەمان سەرچاوە، ل٥). ئەو "دۆزینەوەی ڕەگ و ریشەی پاکی کولتوور و شارستانییەتی ئێران" و "تەرکیزکردن لەسەر ئەدەبی ڕۆحی، ئەخلاقی و پابەند" بە دوو جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەم قوتابخانەیە و قوتابخانەکانی دیکەی ئەدەبیاتی بەراوردکاری دەزانێت (هەمان سەرچاوە، ل٧).
بێ گومان بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران و تا ڕادەیەک لە جیهانی عەرەبیدا لە قەیرانێکی جددیدایە، بە تایبەتی لە بواری تیۆریی ئەدەبییەوە. لە ڕێگەی سنووردارکردنی زمانی ئینگلیزی لە ئێراندا لەژێر ئاراستەی حکومەتدا، لایەنی یۆرۆسەنتریکی بوارەکە هێندەی تیشک خراوەتە سەر و دووبارە گوتراوەتەوە کە بووەتە جێگرەوەیەک بۆ خودی بوارەکە، هەربۆیە لە ئەنجامدا بانگەوازێکی گشتی بۆ جێگرتنەوەی بواری یۆرۆسەنتریزمی بە ناوەندگەرایی‌یەکی فارس-شیعە هاتووەتە ئاراوە.

## بەراوردکردن لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامی؟

دوایین بەرهەمە ڕەخنەیی‌یەکان لەسەر ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی فارسی پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و پێشبینی دەکرێ لە گلۆبالیزمی ئەو بوارەدا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبێ (گۆلد، ٢٠١١؛ ئەنووشیروانی، ٢٠١٢؛ ئەحمەد، ٢٠١٦؛ میرزابابازادە- فۆمێشی ، ٢٠١٧). ئەنوشیرەوانی، یەکێک لە ناسراوترین بەراوردکارەکانی ئەمڕۆی نێوخۆی ئێران، لە لێکۆڵینەوەی زمانی ئینگلیزیی ساڵی ٢٠١٢ی "ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران"دا، پێگەی ئەو بوارە لە ئێران و جیهانی ئیسلامیدا بەم شێوە باس دەکات "ئەدەبی بەراوردکاری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دراوسێ بە خێرایی گەشە دەستێنێت. خوێندکارانی دەرچووی ئێرانی لە بەشە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی نیشتمانی گرنگییەکی زۆریان بە ڕەوتە نوێیەکانی توێژینەوەی ئەدەبیاتی بەراوردکاری نیشان داوە. هەروەها پێشتر دەستیان کردووە بە نووسینی تێزی نێوان زانستەکان (نێوان بوارییەکان) لەسەر ئەدەب و نیگارکێشی، ئەدەب و سینەما و ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کولتووری" (ل٤٨٩). ئەنوشیروانی بە ڕەخنەگرتن لە یۆرۆسەنتریزمی بوارەکە لە ڕۆژئاوا، داهاتوویەکی گەش بۆ بوارە ئێرانییەکەی پێشبینی دەکات. لە کۆتاییدا دەڵێت: "وێدەچێت ئەکادیمیای ئێرانی کە توانا و بەرپرسیارێتیی بەرەوپێشبردن و بەردەوامیی ئەو بوارەی لە ئەستۆیە و دیدێکی جیهانی لە مێشکدا هەیە. لەم ڕووەوە دەبێ پەیوەندییە ئەدەبی و کولتوورییەکانی نێوان ئاسیایی‌یەکان کە لەمێژە پشتگوێ خراوە، دیسانەوە پێش بخرێنەوە" (هەمان سەرچاوە، ل٤٩١).
بۆ نیشاندانی نادروستیی ئەم بانگەشانە سەبارەت بە پێگە و ئەم گەشبینییە نا استەقینەیە سەبارەت بە داهاتووی بوارەکە لە ئێراندا، ئاماژە بە دوایین لێکۆڵینەوەی ئەنوشیرەوانی دەکەم. ئەنوشیرەوانی لە وتارە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٩ بەناوی "هەڵوەشاندنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێران"دا، ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەی وتارە ئینگلیزییەکەی ساڵی ٢٠١٢ی دەگرێتە بەر. ناوبراو بە ئاماژەدان بە قەیرانی ئێستای ئەم بوارە لە ئێران، گلەیی لە کەمبوونەوە و جێبەجێکردنی نادروستیی تیۆرییەکان، میتۆدی لێکۆڵینەوەی ڕووکەش، نەبوونی زانکۆ و مەنهەجی هەمەلایەنە و قۆرخکاری و نەبوونی لێبوردەیی دەکات (ل٧٩). ئەنوشیرەوانی بە تاوانبارکردنی بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی فارسی-عەرەبی

دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "ئەمڕۆ ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا ڕووبەڕووی قەیرانێکی جددی بووەتەوە و داخستنی باشترە لەوەی درێژە بە کارەکانی بدات. دوای چەند دەیەیەک لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران، من گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامە کە هیچ هیوایەک بۆ دامەزراندن و جێبەجێکردنی ئەم بوارە لە ئێراندا نییە" (ل٧٩-١٠٦). ئەنوشیروانی ڕاست دەکات و بە حەقەوە تیشک دەخاتە سەر هەندێک لە قەیرانە سەرەکییەکانی ئەم بوارە لە ئێرانی ئەمڕۆدا. بەڵام ئامادە نییە ئاماژە بەوە بکات کە لە بنەڕەتدا بەربەستی سەرەکیی بەردەم بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ناوەندگەرایی فارس-شیعەی ئێرانییەوە دەست پێدەکات. ئەنوشیروانی لە کاتێکدا پێشنیاری جوگرافیایەک دەکات لە باشووری ئاسیاوە دەست پێدەکات و تا قەفقاز و ئەفریقا، لە چینەوە تا دەریای ناوەڕاست و لە دێهلی تا ئەستەنبوڵ کە بخرێتە ناو جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاریی فارسییەوە، لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە کولتوورە غەیرە فارسییەکانی ئێران دەکات. گۆڵد لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە ساڵی ٢٠١١ بەناوی "جوگرافیای ئەدەبیاتی بەراوردکاری"، ڕەخنە لە مەیلی یۆرۆسەنتەری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئەکادیمیای ڕۆژئاوادا دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ دیسیپلینی مێژوو. ئەو تێڕوانینێکی گشتی لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامیدا، بە تایبەتی عەرەبی و فارسی دەخاتە ڕوو و پێشبینی داهاتوویەکی گەش بۆ ئەو بوارە دەکات، کە بە گوتەی خۆی دەتوانێت "لەدایکبوونەوەی دووبارە"بەو بوارە بدات بە پێچەوانەی ئەو پێشبینییەی کە لە لایەن سپیڤاک پێشنیار کراوە کە پێی وایە بواری ئەدەبی بەراوردکاری بە شێوەیکی گشتی مردووە (ل١٨٤).

لێرەدا من تەحەدای ئارگیۆمێنتەکانی ئەو سەبارەت بە یۆرۆسەنتەریزمی بوارەکە بە بەراورد بە ئارگیۆمێنتەکانی مێژوو ناکەم. بێ گومان یەکێک لەو چەمکانەی کە زۆرترین باسی لێوە کراوە لە ڕەنگدانەوەی ئەم دواییەدا سەبارەت بە ناسنامەی بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری یۆرۆسەنتریزم بووە. تەنانەت ئەو بەراوردکارانەی کە زۆرترین ڕەخنە و قسەیان لەسەر کاراکتەری یۆرۆسەنتریکی بوارەکە کردووە، هێشتا سەرقاڵی ئەرشیفی ئەورووپی و ڕۆژئاوان. تەنانەت لێکۆڵینەوەکانی گۆڵد لێرەدا بە توندی بەدەست نەبوونی گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی فارسی و عەرەبی سەبارەت بەو بوارە لە ئێران و جیهانی عەرەبییدا دەناڵێنێت. ئەوەی لێرەدا ئامانجی منە، ئەوەیە کە بۆچی زۆرێک لە پسپۆڕانی جیهانی ئیسلامی هەرچەندە ڕەخنە لە یۆرۆسەنتریزمی ئەو بوارە دەگرن، بەڵام لەم ناوەندگەرایی‌یە قووڵە فارسی-عەرەبییەی بوارەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوپۆشی دەکەن؟ گۆڵد بە بانگەشەی تایبەتمەندییەکی ئیمپراتۆری بۆ زمانی ئینگلیزی لە بەرانبەر ئەدەبیاتی بەراوردکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بانگەشە دەکات: "لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی زانکۆی دیمەشق، توێژینەوە بەراوردکارییەکان بە شێوەیەکی باو لە بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا هەڵکەوتوون. کاریگەرییە کێشەدارەکانی ئەم سەریەککەوتنە کە توانای تەکنیکی لە زمانی ئینگلیزیدا بە یەکسان لەگەڵ بەراوردکاری دەزانێت و بەراوردکاریش یەکسان بە ڕواندنەوە لە زمانی ئینگلیزیدا لەلایەن ئێدوارد سەعید و کەسانی دیکەوە باس کراوە" (ل١٧٣). ئەوەی گۆڵد بانگەشەی دەکات سەبارەت بە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی ڕاست نییە، هەروەها بۆ زانکۆی دیمەشق بە تایبەتی ڕاست نییە. بەشی

زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی دیمەشق تەنیا خولی دوو کریدیتی "ئەدەبیاتی بەراوردکاری" لە بەکالۆریۆس لە بەشی ئینگلیزیدا هەبووە. هەمان خول دەیان ساڵە لە ڕێگەی بەشەکانی زمانی عەرەبی و فارسییەوە بۆ هەر دوو پرۆگرامی بەکالۆریۆس و سەرەوەتریش پێشکەش دەکرێت. هاوکات لە ساڵی ٢٠١١ کە گۆڵد وتارەکەی بڵاو کردەوە، پێشتر سەدان تێز و بڕوانامە لە بەشی عەرەبیدا پێشکەش کرابوون، لە کاتێکدا بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی دیمەشق تەنیا یەک بڕوانامەی ماستەری زانستی هەبووە کە لەلایەن ناهید هاشمەوە لە ساڵی ٢٠١٠ وەرگیراوە، ڕەنگە ئەم بڕوانامە ئینگلیزییە تاکە سەرچاوە بێت کە گۆڵد بۆ پشتگیریکردن لە بانگەشەی خۆی سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ بەستووە. دۆخێکی هاوشێوە لە زانکۆکانی تری ئێراندا ڕەچاو دەکرێت کە توێژینەوە بەراوردکارییەکان بە شێوەیەکی باو لە چوارچێوەی بەشەکانی ڕووسیا و فەرەنسا پێش شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ گۆڕدراون بە بەشی عەرەبی و فارسی دوای شۆڕش ئیسلامی. پاشان گۆڵد لە درێژەدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە، "سەرکەوتنی هاوچەرخی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبی و فارسیدا، ڕێڕەوێک کە بەوردی پێچەوانەی ڕەچەڵەکی ئەمریکای باکوور و ئەورووپیی پەیڕەو دەکات. ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە لە جیهانی ئیسلامیدا بوارەکە لە پێشەنگی مشتومڕەکاندا لە توێژینەوەکانی پاش کۆڵۆنیالیزم و ڕەگەزدا وەستاوە بە شێوەیک کە بە ویست و خواستی بێت، بەڵام زۆرجار نەیتوانیوە بە شێوازی ئەمریکای باکووردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ" (ل١٧٩). گۆڵد نەک هەر نەیتوانیوە یەک سەرچاوەی بە بەڵگە بۆ ئەم بانگەشەیە پێشکەش بکات، بەڵکو لە یەکێک لەو پێکهاتانەش وەکو لێکۆڵینەوەکانی ڕەگەزی کە بێگومان لەژێر شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩دا زۆرترین زیانی پێگەیشتووە، چاوپۆشی دەکات. یەکەم جار پرۆگرامەکانی "خوێندنی ژنان" لە ساڵی ٢٠٠١ لەسەر ئاستی ماستەری هونەری لە سێ زانکۆدا دامەزرا: ئەلزەهرا، عەلامە تەباتەبایی و تەربیەت مودەریس لە تاران. حەداد عادل سەرۆکی ئێستای ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسی لە ئێران و هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی تایبەتیی شۆڕشی فەرهەنگی لە ساڵی ٢٠١٢دا ڕایگەیاند "ئەو شێوازەی کە خوێندنی ژنان لە زانکۆکانی ئەمڕۆی جیهانیدا دەگوترێتەوە لەگەڵ ئیسلامدا لە ململانێیەکی جددیدایە. بۆیە ئەنجومەنەکەمان بڕیاری داوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە بوارەکەدا بچێتەوە" (دۆیچە، ٢٠١٢). ئەنجومەنەکە لە کۆی ٢٠ ئەندامی نووسەرانی، ١٢ ئەندامی شیعەی تێدایە. ناوی بەشەکانی بوارەکەی گۆڕیوە بۆ "توێژینەوەی خێزان و مافەکانی ژنان لە ئیسلامدا". تەنیا چەند مانگێک پێش وتارەکەی گۆڵد، شاهیدی ئەوە بووین کە ئەم گوتارە دژە فێمینیستییەی ئەکادیمیای ئێران، لەژێر کۆنترۆڵی توندی حکومەتدا ناوی ناسراوترین شاعیری فێمینیستی هاوچەرخی ئێرانی، "فروغ فرخزاد" (١٩٣٤-١٩٦٧) لە ئەنتۆلۆژیای شاعیرانی جیهانی هاوچەرخ و ئێران بەهۆی گوتاری فێمینیستییەوە سڕییەوە(بی بی سی، ٢٠١٠). تەنانەت چاوخشاندنێکی کورت بە زانیاری و مەنهەجی گشتی "توێژینەوە خێزانییەکان" لە ئێران، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بەرنامانە بەتەواوی دژایەتیی ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ڕەگەز و ژنانە کە ئێمە لە ئەمریکای باکوور لێیان تێدەگەین. گۆڵد لە بەشێکی تری وتارەکەیدا "پارەگرافێک" بە زمانی فارسی لەسەر

بەرگــی بەربڵاوترین ســایتی ئەلیکترۆنی چاپی یەکەمــی "ئەنتولــۆژی"ی تیۆری و ڕەخنەی نۆرتــۆن (NATC) وەکوو بەڵگە هێناوەتەوە وەک نیشــانەیەک کە ئەنتۆلۆژیا بە شــێوەیەکی بەرفــراوان لەلایەن بینەری فارســەوە دەخوێندرێتەوە. هیچ بەڵگەیەک کــە NATC لەلایــەن ئێرانییەکانــەوە خوێندرابێتــەوە یــان هەرگیــز بخرێتە مەنهەجــی هیچ زانکۆیەکــی ئێرانەوە لەبەر دەســتدا نییە، ڕەنگــە لەبەر ئــەوە بێت کە لــە ئێرانــدا مافی چاپکردنــی نییە و کەســێکیش لە ئینتەرنێتدا دایبەزاندووە. لە ئەنجامدا NATC لە سەرانســەری جیهاندا لەلایــەن ئــەو زانایانــە خوێندراوەتــەوە کــە بەتەواوەتــی توانایــی خوێندنەوەیان لــە زمانی ئینگلیزیــدا هەیە، بــەڵام ئەم حاڵەتە لــە ئێرانــدا لەنێــوان زۆرێک لە بینەرانــی ئێرانــی دوورە لە ڕاســتییەوە. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرســوڕمانە ئەوەیە کە ئەم "وتە گێردراوە"ی فارســی لەســەر NATC ســەر بە کتێبخانــەی هاوکاری ئەدەبیاتی فارســی و زمانــە بیانییەکانە لە زانکــۆی عەلامە تەباتەبایــی (ATU) و لە تــاران دانــراوە کە لــە ئێران لــە بواری دژە-خۆرئاوا، بە شــیعەکردن، خۆجێیکردن، دژە کۆســمۆپۆلیتیزم، و جیاکاریی ڕەگەزی لــە زانســتە مرۆیی‌یەکانــدا زانکۆیێکــی پێشــەنگە. هــەر لــەم دواییانــەدا لە مانگــی ئابــی ۲۰۱۱، لە کاتێکــدا گۆڵد ئەو بانگەشــەیەی دەکــرد، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی ۱۳ بڕوانامەی بەکالۆریۆســی لە زانســتە مرۆیی‌یەکان لــە مەنهەجەکەیدا لابــرد، ئەمــەش دوای ڕەخنەکانــی ســەرکردەی باڵای ئێســتای ئێران لەسەر "داگیرکاریی کولتووریی ڕۆژئاوا لە زانســتە مرۆیی‌یــەکان" ڕووی دا (بــی بی ســی، ۲۰۱۱). بە چاوخشــاندنێک بــە مەنهەج لــە بەشــی ئینگلیزی لە زانکــۆی عەلامە تەباتەبایــی و هەروەهــا زانکۆکانی دیکەی ئێــران، ئامادەبووانی پۆتانســێلی NATC دەتوانن بــە ئاســانی بانگەشــەی گۆڵد

پێچەوانــە بکەنــەوە کە ئــەم مەنهەج و بەرنامانــە بەتــەواوی لە هەر کۆرســێکی بەرچــاو لە تیۆریــی ئەدەبیدا بێبەشــن. جێگای ســەرنجە لەنێوان ســێ چەمکی پۆتانســێلی فارسی-ئیســلامی بۆ چەمکی ئینگلیزی "ئەدەبیاتی بــەراوردکاری"، واتە "ادبیــات ســنجش، ادبیات مقایســەای و ادبیات تطبیقی" بازنەکانی ئەدەبی فارســی ئەو چەمکەیــان وەرگرتووە کــە کەمترین پەیوەنــدی بــە تیۆریــی ئەدەبییــەوە هەیــە. 'ئەدەبیاتــی تەتبیقی لــە ڕووی زمانناســییەوە چەمکی فارســی-عەرەبی «تەتبیــق» بــە واتــای جێبەجێکردنە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکــی پراکتیکی بگەیەنێ بــۆ هەڵســەنگاندن. چەمکــی فارســی "ادبیــات تطبیقــی" بەتــەواوی لەگەڵ هاوتــا ئینگلیزیەکەیــدا ناگونجێت. لایەنی "پراکتیکــی" و "هاوتــا"ی ئــەم چەمکە فارســی-عەرەبییە ناتوانێت بەتەواوی تیۆریی نێوان زانســتی چەمکــی ئینگلیزی بگرێت. بە پێچەوانەی بانگەشــەی گۆڵد لەسەر ئەم تایپۆگرافییە، ئەوەی ڕاســتی بێ، بازنەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە ســەرەتای دامەزراندنیانــەوە بەگومانەوە ســەیری تیۆریــی ئەدەبــی ڕۆژئاوایــی، ژانرەکان و بــە تایبەتی بــواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییــان کــردووە. ئــەم گومان و نیگەرانییــە لــە ئەدەبیاتی بــەراوردکاری ئەوەنــدە بەهێز بــوو کە یەکــەم دەقی ئەکادیمیی عەرەبی لەســەر ئــەو بوارە لە جیهانی عەرەبیدا لەنێوان ســاڵانی ۱۹۰۲-۱۹۰۳ لە گۆڤــاری ئەلهیــلال و لە چاپی یەکەمیــدا وەک کتێب لە ســاڵی ۱۹۰۴دا بەبێ ناونیشــان بــڵاو کرایــەوە، (بڕوانە: ئەل -خەتیــب، ۱۹۸۵) چونکــە بە وتەی ناســراوترین بــەراوردکارە عەرەبەکان وەکو حســام ئەلخەتیب دەڵێ "پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئــاوا و بیرۆکە پێشــکەوتنخوازەکان لەو قۆناغــەدا مایەی شــەرمەزاری و تووڕەیی فەرمی بــۆ خاوەنەکەی، واتا عــەرەب بوو، هەرچەنــد ئەگەر لــە ســنووری کولتوور

و ئەدەبدا مایەوە” (١٩٨٤، ل١٨). ڕەنگە هۆکاری هاوشێوە لە پشت یەکەم وەرگێڕانی عەرەبی و فارسیی کتێبێکی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە ئەدەبیاتی بەراوردکارییەوە بێت، کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەبێ ناو چاپ کراوە و وەرگێڕانی فارسییەکەی لەژێر ناوی ”وەرگێڕ“دا چاپ کراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە نووسەرە ڕۆژئاوایی‌یەکەی بکرێت. (خزری، ٢٠١٥، ل.٤١).

ئایا ئەم وێناکردنە ناهاوسەنگ و لایەنگرییەی بوارەکە لە ئەمریکای باکوور هێشتا نیشانەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە توێژینەوەی ناوچەیی کە زاڵە بەسەر دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە و وانەوتنەوە سەبارەت بە ”ئەوانی دیکە“ی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات، ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و زانستی بووەتەوە؟ یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە توێژینەوەکانی پاش (پۆست)کۆلۆنیالیزم لە ئەمریکا لە پێشەنگی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەستاون. لە لایەکەوە پسپۆڕانی پاش کۆلۆنیالیزم لە بواری توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی یۆرۆسەنتریزمی بوارەکە و ئینکاری توندوتیژیی جیهانی ڕۆژئاوا لە دەزگای مێژوویی و سەربەخۆیی و مافەکانی زمانی خەڵکی ژێردەستەن و لە لایەکی دیکەوە بە بێدەنگی تەسلیمی بواری ناوەندگەرایی فارس-عەرەبی-ئیسلامی و ئینکاری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەزگای مێژوویی و سەربەخۆیی و مافەکانی زمانی خەڵکەکەیان کە بە توندوتیژی ژێردەستەیان کردووە، دەبن. ئەزموونەکانی زمان و کولتووری بێ‌دەوڵەتە ژێردەستەکان و کۆلۆنیالیزەکراوەکانی ناوخۆیان لە بەرژەوەندیی زمان و کولتووری باڵادەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماتریکسێکی دووانەییدا کە بریتیە لە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە جیهانێکی ”کۆلۆنیالیزەکراو“ی ئێران/ئیسلامی سڕیوەتەوە. جگە لەوەش زۆرجار وێنەیەکی ناڕاست و زیادەڕەوییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشان داوە کە لە ئەنجامدا ”ڕۆژهەڵاتناسیی پێچەوانە“ یان ”پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتناسی“ی لێ کەوتووەتەوە (بروجردی ١٩٩٨، ل٤٣-٥٥). لە ڕێگەی ئەم چاویلکەیەوە مرۆڤ دەتوانێ لە ئینکاری ئێدوارد سەعید لە کیمیابارانی ڕژێمی بەعسی عێراق بۆ سەر شاری هەڵەبجەی کوردستان و بێدەنگی لە هەڵمەتی بەدناوی ئەنفال لە دژی کوردەکان لەلایەن هەمان ڕژێمەوە کە هەزاران کەسی تێدا کۆمەڵکوژ کران، تێ بگات. سەعید لە پێشانگای کتێب لە لەندەن ئاماژەی بەوە کردووە ”ئەو بانگەشەیەی کە عێراق هاووڵاتییانی خۆی کیمیاباران کردووە، زۆر دووپات بووەتەوە و لە باشترین حاڵەتدا ئەم دەنگویە ڕاست نییە “ (١٩٩١).

## ناوەندگەرایی فارس-شیعە و کۆسمۆپۆلیتکی (جهان شهری) فارسی

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمەوە، سەرەڕای بواری فرەکولتووری، فرەزمانی و فرەنەتەوەییی دانیشتووانی نیمچە دورگەی ئێران، ڕۆشنبیرانی فارس زمان و ناسنامەی فارسی وەک سەرەکیترین زمان و ناسنامە بۆ هەموو ئێرانییەکان بە ئازەری، کورد، عەرەب، لوڕ و بەلووچ ناساندووە. ئێرانیان وەک وڵاتی دایک (سرزمین مادری) و لکاندنی بە زمانی فارسییەوە وەک زمانی دایکی (زبان مادری) و دواتر بە زمانی فەرمی (زبان رسمی) بەستووەتەوە (تۆرۆقی تەوەکولی ٢٠١١, ل١١٢). لەو کاتەوە دروستبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی مۆدێرنی ئێرانی بە پەیوەندییەکی نزیکەوە بە زمانی فارسییەوە بەستراوەتەوە (هەمان سەرچاوە، ل٩٦). ئەم جۆرە بۆچوونانە سەبارەت بە پێویستیی یەک زمانەوانی بۆ یەکێتیی نەتەوەیی لە

لایەن زۆر کەسایەتیی پێشەنگ لە شازادەی قاجار جەلال میرزا (۱۸۳۲-۱۸۷۱)، تا باوکی ناسیۆنالیزمی فارسی کرمانی (۱۸۵۴-۱۸۹۶/۱۸۹۷) تا ئەحمەدی کەسرەوی (۱۸۹۰-۱۹۴۶) ، زمانناس و مێژوونووسی دیاری ئێرانی هان دراوە، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا داکۆکی لە نەهێشتنی هەموو زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران بکات. بۆ نموونە کەسرەوی بانگەشەی دەکرد کە فرەزمان دەبێتە هۆی ناتەبایی و هەربۆیە هەرچەندە هەمەچەشنی کەمتر بێت، یەکێتیی نەتەوەیی باشتر دەبێت (۱۹۴۴، ل۱). هەروەها ئەرکی سەرەکیی کارەکانی خۆی بەم شێوەیە کۆ دەکاتەوە "هەموو شتێک کە بەرگریم لێکردووە و ئاواتم خواستووە، نەهێشتنی زمانە غەیرەفارسییەکانە کە لە ئێراندا قسەیان پێ دەکرێت: تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاشووری و نیمچە زمانەکان [واتە کوردی]، بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەکان تەنیا بە یەک زمان قسە بکەن کە ئەویش فارسییە. ئەمە ویستی من بووە و بۆ ئەوەش هەوڵم داوە" (هەمان سەرچاوە). دەوڵەت لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو شێوەیە لە لایەن ڕۆشنبیرانی فارسەوە توانی زمان و ناسنامەی فارسی (یەک نەتەوە) یەکسان بە سەر هەموو زمان و شوناسە ئێرانییەکان (فرەنەتەوە) بسەپێنێت. زمان و ناسنامە غەیرەفارسییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەراوێز خران، تاوانبار کران و بێدەنگ کران (سولەیمانی و محەممەدپوور، ۲۰۱۹). دامەزراوەی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە لە بواری زمان و فەرهەنگ، ئەکادیمیای ئێران بووە. ڕەزا شا (م. ۱۹۲۵-۱۹۴۱) لە ساڵی ۱۹۳۴/۵ بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانە عەرەبی و ئەورووپی و غەیرەفارسییەکانی ئێران، ئەکادیمیای ئێرانی دامەزراندووە. حیکمەت کە کارەکانی لەسەر ویلیام شکسپیر بە یەکەمین بەرهەمی ناتیۆری لە بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران دادەنرێت لە ساڵی ۱۹۳۸ وەک سەرۆکی ئەکادیمیا دەستنیشان کرا. بەپێی قسەکانی فازلی کاری ئەم ئاکادیمیایە نەتەنیا بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمانی عەرەبی و ئەورووپی بەڵکو "مەبەست لە بەکارهێنانی زمان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری فارسی بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی بەسەر شوناسە نەتەوەیی و ناوچەیی‌یەکانی دیکەی ئێراندا بووە" (۲۰۰۶، ل۵۳). ئەکادیمیای ئێران لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەژێرناوی ئەکادیمیای زمان و ئەدەبی فارسیدا هەمان سیاسەتی درێژە پێداوە. هەروەها لە ساڵی ۱۹۷۲دا ڕۆشنبیرانی فارس ئەنجومەنی بەرەوپێشبردنی زمان و ئەدەبی فارسییان دامەزراند بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی لە ناوچە غەیرەفارسییەکانی ئێران و دەرەوەی وڵات. لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ۱۹۷۹ەوە، زۆرێک لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەکادیمیای وەک مووەحید (لەدایکبووی ۱۹۲۴)، بە ئاشکرا داوای نەهێشتنی هەموو زمانە غەیرە فارسییەکانی ئێران دەکەن لەسەر بانگەشەی خۆیان کە زمانی فارسی وەک زمانێکی دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیزم نیشان بدەن، هەر داخوازییەک بۆ مافی زمانی کەمینەکان لە نێوخۆی ئێراندا بە هەوڵی کۆلۆنیالیزم و دەستتێوەردانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بۆ لاوازکردنی پرۆژەکەیان چاو لێ دەکەن. بۆ نموونە شەفیعی کەدکەنی (لەدایکبووی ۱۹۳۹) کەسایەتییە ئەدەبییە ناسراوەکەی فارسی چاو لێ بکەن کە هەر داواکارییەک بۆ مافی زمان و پەروەردەی فرەزمانی لەسەر بنەمای زمانی دایکی لە ئێراندا بە دەستتێوەردانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەزانێت و دەڵێ: "ئەوان [ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا] باش دەزانن کە زمانی فارسی خاوەنی شاهنامە، مەسنەوی، سەعدی، حافز و نزامی بووە و دەتوانێت لەگەڵ شکسپیر

زۆرانبازی بکات، بەڵام ئەمە لە زمانی ئوردوودا وا نییە. دوای ماوەیەک منداڵی هیندی بڕیار دەدات لە زمانی ئوردوو ڕزگاری بێت. ئەوانەی پێداگری لەسەر زمانە ڕەسەنەکانمان دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە باشترە شیعر بە شێوەزاری کەدکەنی ئامادە بکەین، ئەوان دەزانن چی دەکەن، چون دەزانن کە زاراوەی کەدکەنی، شاهنامە، مەسنەوی، نزامی و سەعدی تێدا نییە. ئەم زاراوەیە ئەگەر پێگەیەکی بەرزیش بەدەست بهێنێت لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێت چەند کورتەچیرۆک و شیعری ڕۆمانسی دروست بکات. پاشان منداڵە هیندییەکە ماڵئاوایی لەم جۆرە زاراوەیە دەکات و لەبری ئەوە خوێندنەوەی شکسپیر [بە ئینگلیزی] و پۆشکین [بە ڕووسی] هەڵدەبژێرێ" (شێخولئیسلامی ٢٠١٩، ل١١٨).

جگە لە سیاسەتی پاککردنەوە، ئەکادیمیا و ئەنجومەنە دامەزراوە سەرەکییەکان بەرپرسن لە بەرەوپێشبردنی زمان و کولتووری فارسی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. لە ئێستادا ئەم ئەکادیمیایە زیاتر لە پەنجا ئەندامی ئەکادیمییان لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور هەیە. بەرهەمەکانی ئەم زانایانە لە بنەڕەتدا کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنە هاوچەرخەکانی ڕۆژئاوایی لە ئێران و ئەدەبیاتەکەی داناوە. جگە لەوەش ئەکادیمیا بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ساڵی ٢٠٠٠دا دامەزراندووە. لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک یەکەم و تاکە بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێران، بەشی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە پێشەنگی ناوەندگەراییەکی فرانتەیشناڵی فارسی-شیعەدا بووە. زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی لە کێبرکێیەکی نزیکدا بوون بۆ ئەوەی وەک ئامرازی سەرەکی بۆ ئەم بەنەتەوەییکردنەی ئەم ناوەندگەراییەی فارس-شیعە بەکار بهێنرێن. لە ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە، مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێ بگات کە بۆچی لە دیدگای جیهانبینیی ئەنوشیروانیدا، بوارێک کە تەنانەت لە چینەوە تا دەریای ناوەراست درێژ دەبێتەوە، هیچ بوارێکی بۆ زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران نەرەخساندووە. گۆڤاری ئەم ڕێکخراوە، بەناوی "ئەدەبی بەراوردکاری"، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٠دا بڵاوکرایەوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، گۆڤارەکە تەنانەت یەک بابەتی لەسەر کولتووره غەیرەفارسییەکانی ئێران بڵاو نەکردووەتەوە. ئەم ناوەندگەراییەی فارس-شیعە نەک هەر قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاریی ئێرانی دامەزراند، بەڵکو تەنانەت ئێرانی وەک دامەزرێنەری ئەم بوارە واتە ئەدەبی بەراوردکاری، (بانگەشەی خۆیان) ناساندووە. سەرۆکی پێشووی ئەم ئەنجومەنە و ئەندامی ئەکادیمیا، مەهدیە موحەقیق بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکات کە: "دەوترێت ڕۆژئاوا ئەدەبیاتی بەراوردکاریان دامەزراندووە و لە بەرنامە ئەکادیمییەکانیاندا جێبەجێیان کردووە. وەک ڕوونە ئەم بانگەشەیە جگە لە قسەی بێ‌مانا هیچی تر نییە، چونکە بەپێی ڕاستییە مێژووییەکان، ئێران دامەزرێنەری بواری ئەدەبیاتی بەراوردکارییە لە جیهاندا" (سی ئن ئن ٢٠١٨).

پسپۆرانی فارسی لە ڕۆژئاوا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا چەند زمانی فارسی زمانێکی "بومی" بووە و پەیوەندییەکی بەهێزی بە دەسەڵات و خاک و دانیشتووانی شارێکی دیاری کراوەوە هەبووە، بە کەم سەیریان کردووە. باسی پانتایی و کاریگەرییەکانی فارس لە چوارچێوەی «فارسیزم»دا هاتووە، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵانی شەستەکاندا لەلایەن مارشال هاجسنەوە (٢/١٩٧٤، ل٢٩٣) باس کراوە. هاجسن وەک مێژوونووسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە فارسیزم وەک "پرۆسەیەکی زمانەوانی و ئەدەبییە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی کولتووری و بەم پێیەش تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە زۆر سەپێندراوە" (گرین، ٢٠١٩، ل٣). نوێگەرایی هاجسن لەگەڵ

گۆڕانکارییە پارادایمییەکان کە بەهۆی وەرچەرخانە زمانەوانی و کولتوورییەکانی ساڵانی حەفتاکانەوە هاتبوونە ئاراوە، زانستی پاش کۆلۆنیالیزم کە لە ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعیدەوە لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا گەشەی کرد، "دەقە بێ ماڵەکان"ی تەوەکولی-تۆرۆقی و دارشتنی "سانسکریتیک کوزموپۆلیتیک" لەلایەن شێلدۆن پۆلۆکەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەرقاڵ بوو. لەو کاتەوە مێژوونووس و بەراوردکارانی فارس وا نیشان دەدەن کە ئەو نایەکسانییەیان نەبینیوە، یان لەوەش خراپتر، ئەو بیرۆکەیان کردووەتەوە وەکوو "تەوەر"ێکی جیهانی. لە هەمان کاتدا پاڵپشتییان لە ستەمکارییەکانی بەراوردکردن کردووە کە ڕێگا بۆ ئایدۆلۆژیای هاوچەرخی پاوانخوازی ئاسان دەکەن، و "ئەو بانگەوازەی بۆ ئەخلاقی بەراوردکردن کە لەسەر بنەمای ئاواتێک بەرەو یەکسانی هەستی ئەخلاقیمان لە چاکەوخراپە، لە بابەتسازی بۆ پچڕاندنی ئەم زنجیرە بەرهەمهێنانە بەتەواوەتی پشتگوێ خستووە" (پالومبۆ-لیو، ٢٠٢٠، ل ٢٦٣، ٢٧٠). ئەم زانایانە بە گشتی، هەوڵیان داوە ڕێبازێکی دژە کۆلۆنیالیزم و کۆسمۆپۆلیتی لە مێژوو و ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئێران نیشان بدەن. هەرچەند وادیارە لەبری ئەوەی دیسکورسی هەژموونگەرایی فارس-شیعە لەناو ببەن، وێدەچێت ئارگومێنتەکەیان فۆرمێکی تازەی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتناسی دیسان بەرهەم هێنابێتەوە کە بەرژەوەندیی کولتووری باڵادەستی فارسی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەبەخشێت (سولەیمانی و مەحەممەدپوور، ٢٠١٩، ل٧). بۆ نموونە حەمید دەباشی، وەک پوختەیەکی سەرەکی لە کتێبەکەی بەناوی "ئێرانی بێ سنوور" وەکو ڕەخنەیەک لە نەتەوەی پاش کۆلۆنیالیزم، بۆ لەناوبردنی ئەو دووبەرەکییە درۆینەیە، و پێشنیارکردنی "جیهانگەرایی کۆسمۆپۆلیتی" کە تایبەتمەندی شێوازی کارکردنی کولتووری ئێرانە، لە پاشخانی ئیمپراتۆرییەکەیەوە تا سیما پۆست کۆلۆنیالیزمەکانی دواتر، هەروەها بۆ دووبارە دۆزینەوەی ڕەگەکانی لە داهاتوودا لە دەرەوەی سنوورە خەیاڵییەکانی ئێستای سنوورەکان کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمەوە بەرهەم هێنراون" (٢٠١٦، ل٥).

پرسی زمان و کولتوورە ژێردەستەکانی ئێرانی ئەمڕۆ پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ڕەخنەگرانەتر هەیە بۆ ئەو هەموو ڕێگایانەی کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە میراتی زمانی فارسی وەک زمانێکی هەژموونگەرانە کەڵک وەردەگرێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوەندگەرایی قووڵی فارس-شیعەی بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێراندا "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" دەتوانێت خاڵی دەستپێک بێت. "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" وەکو چەمکێک باس لەوە دەکات کە چۆن نایەکسانیی سیاسی، کولتووری و ئابووری لەنێوان ناوەند و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ناو دەوڵەتێکی دیاریکراودا بوونی هەیە. ئەم نایەکسانییانە زۆرجار بە درێژاییی سنوورە دەستکردەکانی ئێتنۆ-زمانی، ڕەگەزی و ئایینی دارێژراون (سولەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠١٩، ل٣). وێدەچێت چەمکی "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" یان "کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی" و "نیمچە کۆلۆنیالیزم" لە ساڵی ١٩٤٤ەوە بە شێوەیەکی جێگۆڕکێی یەکیان بۆ ئەویتر لە ئەدەبیاتدا بەکار هێنراون، ئەزموونی ئەفریکییەکانی ئامریکا وەک "کۆلۆنیالیزە" لێک دەداتەوە (پیندرهیویز ٢٠١١، ل٢٣٦). ئەم چەمکە لەلایەن لیۆ مارکوارد (١٩٥٧) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقا بەکار هێنراوە. دواتر لە توێژینەوەکانی گەشەپێداندا دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی کازانۆڤا لەسەر مەکسیک لە ساڵی

١٩٦٥دا جێگای خۆی کردووە (ل ١٣٠-١٣٢). کازانۆڤا ئەو چەمکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا فرەنەتەوەییەکان بەکار هێناوە و دەڵێ؛ "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، حوکمرانیی گرووپێکی نەتەوەیی بەسەر گرووپەکانی تری هاوشێوە کە لە درێژاییی سنووری یەک دەوڵەتدا دەژین". ئەو پێی وایە کە مەرج نییە پەیوەندییە کۆلۆنیالیزمە ناوخۆییەکان تەنیا لە بواری ئابووریدا سنووردار بن (لۆڤ، ١٩٨٩، ل٩٠٦-٩٠٧). ئاندرێ فرانک (١٩٧٠) بە ئیلهام وەرگرتن لە کازانۆڤا دەڵێت کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی جۆرێکە لە "گەشەسەندنی نایەکسانی" کە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی بواریی نایەکسان کە لە "مەترۆپۆل-سەتەلایت" یان "ناوەند-پەراوێز"دا دەردەکەوێت. پیندەرهیوز لە ڕێگەی وەرگرتنی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییەوە دەیهەوێ باسەکە لە وەسفە تەسک و بەستراوەکانی ئەورووپی بۆ کۆلۆنیالیزم تێپەڕێنێت و شیکارییەکی کۆلۆنیالیزم کە بە شێوەیەکی دروست سەرنجی بارودۆخی کۆلۆنیالیزمەکان دەدات وەک خاڵی دەستپێکی شیکاری دووپات بکاتەوە. ئەو کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "شێوەیەکی بنچینەیی جوگرافیای ژێردەستەیی دانیشتووانێکی جیاواز، کە دەکەوێتە ناو دەسەڵات یان وڵاتی باڵادەستەوە" (٢٣٦) لەسەر بنەمای جوگرافی وەک ئامرازێکی شیکاری. لەو کاتەوە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەلایەن زۆرێک لە زانایانەوە بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەمریکای لاتین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە لەم دواییانەشدا لە پەیوەندی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمە نوێیەکانی دیکەی کۆلۆنیالیزمەوە لەوانەش ئێران وەرگیراوە و پەرەی پێدراوە. (بڕوانە: فرانک، ١٩٧٠؛ بلاونەر؛ مارکوارد، ١٩٦٩؛ پێکهام، ٢٠٠٤؛ پۆرتێس و باخ، ١٩٨٥؛ پیندەرهیوز، ٢٠١١). کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە ئێراندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و پەراوێز لە ڕێگەی بێبەش کردنی بەردەوامیی گەلانی غەیرەفارس-شیعە دەردەکەوێ. بەستێنی ئێستای چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێرانییە غەیرەفارسەکان ڕەنگدانەوەی ئەم پێناسەیەیە، لەوانەش جیاکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوون، نایەکسانییەکی بەرفراوانی پەروەردەیی، نایەکسانییەکی دەستووری بەرفراوان، نایەکسانییەکی گەورەی ئابووری، سەرکوتکردنی بەرفراوان لە ڕێگەی زیندان، ئێعدام و نایەکسانیی قووڵی تەندروستی، وەک چەند نموونەیەک ناو دێنین. هەربۆیە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە چەند زانایەک لە لێکۆڵینەوەکانیان لە ئێرانی مۆدێرن چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییان وەرگرتووە و بەکار هێناوە. بۆ نموونە ئەسغەرزادە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی تورکە ئازەرییەکانی وەک نیشانەی "بەرخۆدان لە دژی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە ئێران" (٢٠٠٧، ل١٧٩) دەبینێت. لە نێوان پسپۆرانی کورددا، پاش بەرهەمی ساڵی ١٩٦٥ی چالاکی سیاسیی کوردی ئێرانی دوکتور قاسملوو (١٩٣٠-١٩٨٩) و نووسەری بەناوبانگی کورد، هەژار (١٩٢١-١٩٩١)، کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشیکچی یەکەم زانا بوو، کە کوردستان وەک "کۆلۆنی نێودەوڵەتی" پێناسە دەکات. ویدەچێت ئەم خوێندنەوەیە لەسەر کورد بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات/ئێران لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان وەرگیراوە و بەکار دێت (بڕوانە: گامبێتی ٢٠١٠؛ یوکسێل، ٢٠١١؛ کورت، ٢٠١٩؛ سولەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠١٩؛٢٠٢٠). نیو سەدە لەمەوبەر، حەسەن هۆنەرمەندی، کە لە ڕوانگەیەکی دژە یۆرۆسەنتریکییەوە کار دەکات، ئاماژەی بەوەدا کە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێرانی و فارسی "دەبێت تاران بێت نەک ڕۆما، یان پاریس، یان لەندەن، یان هەر شوێنێکی دیکە" (ل٦٩).

بۆ پێشخستنی ئەو لایەنانەی بوارەکە کە پەیوەندییان بە ئەخلاق و مافی مرۆڤەوە هەیە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەراوردکاران و پسپۆرانی پاش کۆلۆنیالیزم و هەروەها پسپۆرانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە، کە ناوەندی ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە ئێراندا بەربلاو و فراوانتر بکرێت، لە ناوەند دەربهێنرێت، و لە دەرەوەی تارانی پایتەخت بە هەمان رێژە بۆ تەورێز (بۆ رێزگرتن لە ئازەری)، بۆ کوردستان (بۆ رێزگرتن لە کوردی)، بۆ ئەهواز (بۆ رێزگرتن لە عەرەبی)، بۆ لۆرستان (بۆ رێزگرتن لە لۆری)، و بۆ سیستان و بەلووچستان (بۆ رێزگرتن لە بەلووچی)، هەروەها لە نێوان شارەکانی تر و کەمینە ژێردەستە ئایینی و نەتەوەیییەکان پەرەی پێ بدرێت. بواری ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا، ئەوە روون دەکاتەوە کە هەر رێبازێکی پۆست کۆلۆنیالیزم کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەبەرچاو نەگرێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان گوتارە کۆلۆنیالیزمییەکان (کۆلۆنیالیزم) بەرهەم دەهێنێتەوە. *ڤێرژنی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە یەکەمین کۆنفرانسی دوو ساڵەی دەرچووانی خوێندنی ئێرانی، لە زانکۆی سانت ئەندرۆس لە سکاتلەندا، لە مانگی نیسانی ٢٠١٣ پێشکەش کرا. دیانا هاچێت، ئۆتۆمن کاکرێل-عەبدوڵلا، بنیامین پریست، ستیڤن تێرنەر، ستیڤن هاپکێنز، ساندرا سۆسا و تایلەر فیشەر هاوکات لە درێژەی رێگا هاندەر بوون و خوێندنەوەی رەخنەگرانەیان بۆ ئەم بابەتە پێشکەش کرد. سپاسی پێداچوونەوەکارانی بێناو دەکەم بۆ خوێندنەوەی وردی ئەم بابەتە و سەرنج و پێشنیارەکانیان.

* https://www.scielo.br/j/rblc/a/KytrQkvR۷FprzSzPyNqdcKw/

## سەرچاوەکان


• Anvarī. Dīwān, edited by Muḥammad Taqī-ye-Rażavī. Tehran: cElmī va Farhangī. 1985.
• ‘Ibn-al-Nadīm, Muḥammad. Al-Fehrest, edited by ‘Ibrāhīm Ramaḍān. Beirut: Dār al-Macrifa 1994.
• Aḥmadī, Aḥmad-Riżā. “Rūy-e Mublī Nishast-e Būd.” Farhang va Honar: Bukhara 25 (2002): 300-304.
• Ahmed, Mukhtar. “Comparative Literature in Iran: Origin and Development.” International Journal of Multidisciplinary Research and Development 11, n.3 (2016): 197-203.
• Akbarī, Ḥasan. “Bāyad Maktab-i ‘Īrānī-ye ‘Adabaīyāt-i Taṭbīqī Ta’sīs Shavad.” http://drakbari.com/news51.aspx
» http://drakbari.com/news51.aspx
• Al-Āmidī, ‘Abu-al-Qāsim. al-Muvāzanah Bayna Shic r ‘Abī-Tammām va al-Buḥturī, edited by al-Sayyid Ṣaqr. Cairo: Dr al-Macārif, 1961.
• al-Bīrūnī, ‘Abu-Rayḥān. Al-Ṣaydana fī al-Ṭib, translated by Bāqir Muẓaffar-Zādih. Tehran: Farhangistān. 2004.
• Al-Jāḥiẓ -. al-Ḥayavān, edited by cAbdu-al-Salām Hārûn. Cairo: Muṣṭafā al-Ḥalabī, 1965.
• Al-Jurjānī, cAlī. al-Wisāṭa Bayna al-Mutanabbī va Khuṣūmihi, edited by Muḥammad ‘Ībrāhīm and cAlī al-Bajāvī. Cairo: cĪsā al-Ḥalabī, 1966.
• Al-Khaṭīb, Ḥussām. “al-‘Adab al-Muqāran.” Al-Fayṣal 14, no.159 (1990): 54.
• Al-Khaṭīb, Ḥussām. “Rūḥī al-Khālidī”. Al-Macrīfa. 269, July 1, 1984: 1-45.
• Al-Khaṭīb, Ḥussām. Rūḥī al-Khālidī Rā’id al-‘Adab al-c Arabī al-Muqāran. Amman: Dār al-Kiriml, 1985.
• Anushiravani, Alireza. “Comparative Literature in Iran.” Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East 32, n.3 (2012): 484-491.
• Anushiravani, Alireza. “Nāsāmānegī-ye ‘Adabīyyāt-i Taṭbīqī dar ‘Īrān”. ‘Adabīyyāt-i Pārsī-ye Muc āṣir 9, no.1 (2019): 79-110.
• Asgharzadeh, Alireza. Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, and Democratic StrugglesNew York: Palgrave Macmillan. 2007.

Comparée, Tehran: SAMT, 2009.
• Deutsche Welle. Muṭālec e-ye Ḥuqūq-i Zan dar ‘Islām, Fīmīnīsthā rā Rādīkāltar Mīkunad. May 23, 2012 https://p.dw.com/p/1510k
» https://p.dw.com/p/1510k
• Djelal Kadir, “Comparative Literature in a World Become Tlon.” Comparative Critical Studies 3. 1-2 (2006): 127
• Fazeli, Nematollah. Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century New York: Routledge, 2006.
• Frank, Andre. Capitalism and Underdevelopment in Latin America New York: Monthly Review Press. 1970.
• Gambetti Zwynep. “Decolonizing Diyarbakir: Culture, Identity and the Struggle to Appropriate Urban Space.” In Comparing Cities the Middle East and South Asia, edited by Kamran Ali and Martina Rieker, 97-129. Oxford: Oxford University Press, 2010.
• Ghazoul, Ferial Jabouri. “Comparative Literature in the Arab World.”Comparative Critical Studies 3, no.1 (2006): 113-124.
• Gould, Rebecca Ruth. “The Geography of Comparative Literature.” Journal of Literary Theory 5, no.2 (2011): 167-186.
• Green, Nile, editor. The Persianate World: The Frontiers of a Eurasian Lingua FrancaOakland, CA: University of California Press. 2019.
• Ḥadīdī. Javād. ‘Irān dar ‘Adabīyāt-i FarānceMashhad: Dānishgāh-i Mashhad, 1967.
• Ḥadīdī, Javād. ‘Islm ‘az Naẓar-i VoltaireMashhad: Dānishgāh-i Mashhad , 1964.
• Ḥadīdī. Javād. Barkhurd-i ‘Andīshihā Tehran: Ṭūs, 1978.
• Ḥakīmzādeh, Rezvān. Worūd-i “Test-i Basandegī-ye Zabān-i Fārsī” be Sanjesh-i Salāmat-i Nov Āmūzān dar Dastūr-i Kār.” ISNA, May 29, 2019.
• Ḥarīrī, Fāris ‘Ībrāhīm. Maqāmeh Newīsī dar ‘Adabīyāt-i Fārsī va Ta’thīr-i Maqāmāt-icArabī dar Ān. Tehran: Dānishgāh-i Tehrān, 2004.
• Hemmat, Kaveh. “Review Essay: Completing the Persianate Turn.” Iranian Studies2020; DOI: 10.1080/00210862.2020.1810385
• BBC. “’Intiqād-i Āyatollah Khāmene’ī ‘az Tarvīj-i Zabān-i ‘Inglīsī dar Iran.” May 2, 2016 http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
» http://www.bbc.com/persian/iran/2016/05/160502_l10_khamenei_english_language
• BBC. “Hadf-i Nām-i Foroūgh-i Farrokhzād ‘az Kitāb-i Shācirān-i ‘Irān va Jahān.” Apr 21, 2010. https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
» https://www.bbc.com/persian/arts/2010/04/100421_l17_forough_name_dropped
• BBC. “Humanities courses cut at Iranian university.” Aug 15, 2011 https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
» https://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-14512745
• Behnām Jamshīd. “‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr8, 12 (1953): 715-716.
• Behnām Jamshīd. “‘Anvāc-i ‘Adabī: ‘Adabīyāt-i Taṭbīqī.” Mehr 8, 10 (1952): 598-600.
• Behnām Jamshīd. Adabīyāt-i Taṭbīqī Tehran: Mascūd-i Sacd, 1953.
• Beşikçi, Ismail. Devletlerarası Sömürge Kürdistan Paris: Inistitute Kurde De Paris, 1990.
• Blauner, Robert. “Internal Colonialism and Ghetto Revolt.” Social Problems 16, no.4 (1969): 393-408.
• Boroujerdi, Mehrzad. “Contesting nationalist constructions of Iranian identity.” Critique: Critical Middle Eastern Studies 7, no.12 (1998): 43-55.
• cAllūsh, Sacīd. Madāris al-‘Adab al-MuqāranCasablanca: al-Markaz al-Thaqāfī al-cArabī, 1987.
• Casanova, Pablo. “Internal Colonialism and National Development.” Studies in Comparative International Development 1, no.4(1965): 27-37.
• Dabashi, Hamid. “Is ‘love and desire in Iran’ a threat to US national security?” Aljazeera, Oct 12, 2019.
• Dabashi, Hamid. Iran without Borders: Towards a Critique of the Postcolonial NationNew York: Verso, 2016.
• Dadvar, Elmira.Initiation à la Littérature

• Love, Joseph. "Modeling internal colonialism: History and prospect." World Development 17, no.6 (1989): 905-922.
• Maḥfūẓ, Hussein-cAlī. Mutanabī va Sac dī. Tehran: Rovzaneh, 1957.
• Makkī, al-Ṭāhir. Muqaddima fī al-'Adab al-'Islāmī al-Muqāran Cairo: cAyn, 1994.
• Makkī, al-Ṭāhir. Naḥwa 'Adab 'Īslāmī Muqāran Cairo: Dār al-Macārif, 1989.
• Marquard, Leo. South Africa's Colonial Policy Johannesburg: Institute of Race Relations. 1957.
• McClennen, Sophia & Slaughter, Joseph. "Introducing Human Rights and Literary Forms; or, The Vehicles and Vocabularies of Human Rights." Comparative Literature Studies 46, no. 1 (2009): 1-19.
• McClennen, Sophia A. "The Humanities, Human Rights, and the Comparative Imagination."CLCWeb: Comparative Literature and Culture9.1 (2007): https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
» https://doi.org/10.7771/1481-4374.1024
• Mīrzā'ī, Farāmarz, and cAlī Salīmī. "Taḥlīl-i Muḥtavā'ī-ye Maqālehāye 'Adabīyāt-i Taṭbīqī (cArabī va Fārsī). Kāvush-nāmeh, Yazd: Danishgāh-i Yazd, 2010.
• Mirzababazadeh-Fomeshi, Behnam. "Comparative Literature as Practiced in Iran." Revista Brasileira de Literatura Comparada 19, n. 30 (2017): 149-163.
• Moḥaqiq, Mehdī. "Iran Bunyānguzār-i 'Adabīyāt-i Taṭbīqī dar Duniyā 'Ast". SNN, May 28, 2008 snn.ir/00 00ze.
• Mubārak, Zakī. al-Muvāzanah Bayna al-Shuc arā'. Beirut: Dār al-Jīl, 1993.
• Nahed Hashem: Post-colonial Reading of Ghada Al Samman: A Comparative Study in the Light of Edward's Said's Theory, M.A dissertation, University of Damascus, 2010.
• Najafī, 'Abu-al-Ḥasan. Ghalaṭ NanevīsīmTehran: Markaz-i Nashr-i Dāneshgāh-ī, 1987.
• Nidā, Ṭāhā. al'Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1973.
• Palumbo-Liu, David. "Ethics before Comparison." Comparative Literature 72, no. 3 (2020): 259-271.
» https://doi.org/10.1080/00210862.2020.1810385
• Ḥikmat, cAlī-Aṣghar. Romeo va Juliet-i William Shakespeare; Muqāyese bā Laylā va Majnūn-i Nizāmī-ye Ganjavī Tehran: Brukhīm. n.d.
• Hilāl, Muḥammad-Ghonaymī. 'Adabīyāt-i Taṭbīqī, translated by Murtiẓā Shīrāzī. Tehran: 'Amīr Kabīr, 1994.
• Hodgson, Marshall. The Venture of Islam, 3 vols. Chicago: University of Chicago Press, 1974.
• Honarmandī, Ḥasan. André Gide va 'Adabīyāt-i Fārsī Tehran: Zuwwār, 1970.
• Honarmandī, Ḥasan. Bunyād-i Shic r-i Nuv dar Farānce va Payvand-i ān bā Shic r-i Fārsī. Tehran: Zuwwār, 1971.
• Honarmandī, Ḥasan. Safarī dar Rikāb-i 'Andīsheh Tehran: Zuwwār, 1972.
• Isstaif, Abdul-Nabi: al-c Arab va al-'Adab al-Muqāran, Damascus: al-Haīy'a al-cĀmma al-Sūrīya lil-Kītāb, 2007.
• Jamāl-al-Dīn, Muḥammad-al-Sacīd. Al-'Adab al-Muqāran Cairo: Dār al-'Ittīḥād, 1989.
• Kafāfī, Muḥammad cAbd al-Salām, Fī al-'Adab al-Muqāran Beirut: Dār al-Nahḍa al-cArabīya, 1971.
• Kasravī, Aḥmad. "Mā va Hamsāyegān." Parchameh Haftegī 6, no.5 (1944): 1-5.
• Khezri, Haidar. "Arabic Comparative Literature: Intersections with West Asian Literature,"Alif: Journal of Comparative Poetics, no.35 (2015): 40-67.
• Khezri, Haidar. "Min al-Qāhira 'ilā Ṭahrān: 'Istiqbāl al-'Adab al-Muqāran al-cArabī fī Irān," 'Āfāq al-Ḥaḍāra al-'Islāmīyya, 22, n.1 (2020): 105-140.
• Khezri, Haidar. "Theory, Time and Space in Comparative Literature in Iran,"Proceedings of the IV . ICLC: Meeting of Cultures and Values, eds. Adnan Karaismailoglu and Yusuf Öz. Kırıkkale University, (2013): 321-338.
• Khezri, Haidar. Al-'Adab alMuqāran fī Irān va al-c Alam al-c Arabī. Tehran: SAMT, 2013.
• Kurt, Mehmet. "My Muslim Kurdish brother: Colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey." Journal of Balkan and Near Eastern Studies 21, no.3 (2019): 350-365.

Journal of Sociology, (2020): 1-20.
• Spivak, Gayatri Chakravorty. Death of a Discipline New York 2003.
• Tavakoli-Targhi Mohamad. "The Homeless Texts of Persianate Modernity,"Cultural Dynamics 2001;13(3):263-291.
• Tavakoli-Targhi, Mohamad. Refashioning Iran Orientalism, Occidentalism and Historiography Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2011.
• The Guardian. "Iran bans the teaching of English in primary schools, official says." Jan 7, 2018. https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
» https://www.theguardian.com/world/2018/jan/07/iran-bans-teaching-english-primary-schools-official-says
• The NYT. "Iran Bans English in Primary Schools to Block 'Cultural Invasion." Jan 7, 2018. https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
» https://www.nytimes.com/2018/01/07/world/middleeast/iran-english-schools.html
• Velek, Rene, and Austin Warren. Naẓarye-ye 'Adabīyāt, translated by Ẓīyā' Muvaḥid and Parvīz-i Muhājir. Tehran: 'Intishārāt-i cElmī va Farhangī, 1994.
• Yüksel, Ayse. "Rescaled localities and redefined class relations: Neoliberal experience in South-East Turkey." Journal of Balkan and Near Eastern Studies 13, no.4 (2011): 433-455.
• Zainīvand, Toūraj. "Maktab-i 'Īrānī-ye 'Adabīyāt-i Taṭbīqī." Hamāyesh-i Pazhūhishhāye 'Adabī 6, Shahid Beheshti University Press, 1391.
• Zainīvand, Toūraj. Al-'Adab al-MuqāranTehran: Yār-i Dānish, 2013.
https://www.scielo.br/j/rblc/a/KytrQkvR7FprzSzPyNqdcKw/
• Parvīnī, Khalīl. al-'Adab al-Muqāran Tehran: SAMT, 2013.
• Peckham, Robert. "Internal colonialism: Nation and region in nineteenth-century Greece." In Balkan Identities: Nation and Memory, edited by Maria Todorova, 41-59. New York: New York University Press, 2004.
• Pinderhughes, Charles. "Toward a New Theory of Internal Colonialism," Socialism and Democracy 25, no.1 (2011): 235-256.
• Portes, Alejandro, and Bach, Robert . Latin journey Berkeley, CA: University of California Press 1985.
• Radio Farda. "Āmūzish va Parvarish Tadrīs-i Zabān-i 'Inglīsī dar Madāris-i 'Ibtedā'ī rā Mamnūc 'Iclām Kardeh 'Ast." Oct 12, 2019. https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
» https://www.radiofarda.com/a/30212923.html
• Radio Farda. "Rouḥānī dar Barābare Khamene'ī?" Nov 9, 2020. https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
» https://www.radiofarda.com/a/f8-rouani-recent-positions-at-odd-with-khamenei/27716180.html
• Ṣābirī, cAlī. Al-'Adab al-Muqāran Tehran: Sharḥ, 2007.
• Said. Edward. "Edward Said, an American and an Arab, writes on the eve of the Iraqi-Soviet peace talks", London Review of Books, Vol. 13 No.5 .7 March 1991.
• Sājidī, Ṭahmūrith. 'Az 'Adabīyāt-i Taṭbīqī tā Naqd-i 'Adabī Tehran: 'Amīr Kabīr, 2008.
• Sheīkhī, cAlīrezā. al-'Adab al-MuqāranTehran: Payām-i Noūr, 2008.
• Sheyholislami, Jaffer. "Language as a Problem: Language Policy and Language Rights in Kurdistan-Iran," In Etudes Kurdes, edited by Salih Akin, 95-130. Paris: Institut Kurde, 2019.
• Soleimani, Kamal and Mohammadpour, Ahmad . "Can non-Persians speak? The Sovereign's Narration of "Iranian Identity." Ethnicities 19, 5 (2019): 925-947.
• Soleimani, Kamal, and Mohammadpour Ahmad . "Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat," Brtish